

# فەلسەفە چییە؟
# فەیلەسوف کێیە؟

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
موسعەب ئەدهەم عەلی




ئامادەکردن لۆ
PDF
Srûd Majid

لۆ دەستکەوتنی نوێترین
کتێبەکان بە PDF
سەردانمان بکەن بەم ناونیشانە

PDF LO KÛRD

# فەلسەفە چییە؟
# فەیلەسوف کێیە؟

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
موسعەب ئەدهەم عەلی

چاپی یەکەم
٢٠١٦

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە ٦٤٦**

## ناسنامەی کتێب

# فەلسەفە چییە؟ فەیلەسوف کێیە؟


- زنجیرەی فکر ژمارە پێنج (٥).
- نووسەر: کۆمەڵە نووسەر.
- ئامادەکردن و وەرگێڕانی: موسعەب ئەدهەم.
- پێداچوونەوە: هەڵکەوت هەورامی.
- بەرگ: فواد کەوڵۆسی.
- دیزاینی ناوەوە: هەڵکەوت هەورامی.
- ساڵی چاپ: ٢٠١٦.
- نۆرەی چاپ: یەکەم.

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (١٢٧٩) ی ساڵی (٢٠١٤) پێدراوە.**

---

**ناونیشان**

**سلێمانی ـــ سابوونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی ئەمین و شوقەکانی تەکیە رووتە.**

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێڕست


| | |
|---|---|
| فەلسەفە چییە؟ | ٥ |
| فەلسەفە چییە؟ | ١٣ |
| فەلسەفە چییە؟ فەلسەفە بۆ چییە؟ | ١٩ |
| فەلسەفە چییە؟ | ٢٥ |
| فەلسەفە بۆچییە؟ | ٣٧ |
| تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە | ٣٩ |
| تێڕامانی فەلسەفی | ٤٣ |
| پێویستی تێڕامان و تەرحکردنی پرسیارە فەلسەفییەکان | ٤٣ |
| *فەلسەفەی پۆست مۆدێرن* | ٥١ |
| پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەبیات | ٥٩ |
| ئەفسانە و فەلسەفە(١) | ٦٥ |
| فەیلەسوف کێیە؟ | ٧٥ |
| فەلسەفە، هونەر، ئەدەبیات | ٨١ |
| سێ فەیلەسوفە مەزنەکە | ٩٣ |
| سوکرات | ٩٣ |
| ئەفلاتۆن | ١٠١ |
| بنەما و پایەکانی فەلسەفەکەی | ١٠١ |
| ئەرستۆ | ١٠٧ |
| بەرهەمەکانی وەرگێڕ: | ١١٥ |

# فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە لە دوو ووشەی یۆنانی "philia" و "Sophia" پێکهاتووەو لەفارسیدا بەمانای خۆشەویستنی حیکمەت یان زانست دۆستی وەرگێردراوە. لە زمانی ئینگلیزیدا ووشەی "philia" بەمانای عیشق وموحیبەتو ووشەی "Sophia" بەمانای "wisdom " یان ژیری یان زانست تەعبیریان لێکردووە، لەم پێکهاتووەدا چەند خاڵێك جێگەی سەرنجە شاردراونەتەوە.

١-فەلسەفە ژیری نییە، بەڵكو عیشقە بەژیری و فەیلەسوف پەیوەستە بەژیری و بەدوای ژیری و داناییدا دەگەڕێت.

٢- ئەوەی کە ژیری لەگەڵ زانستدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەمانای"wisdom" زانست، داوەری راستو ژیری هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا عیشق لەگەڵ زانست دۆستی جیاوازە، مومکینە کەسێك بەدوای بەدەستهێنانی زانستدا هەنگاو هەڵبگرێت وئاستی زانیاری خۆی لەبابەتێك یان چەند بەشێكدا بەرەو سەرەوەبەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژیر نەبێت. لەلایەکی دیکەوە مومکینە چەندین کەسی ژیر ببینرێت کەلە زانستیدا

بەهرەیەکی زۆریان نییە، بەڵام لەبەریەککەوتنیان لەگەڵ کێشەکان‌و لەپەیوەندییان لەگەڵ ئەوانیتردا بەدروستی بڕیارو دادوەری بکەن‌و بڕیاری عاقڵانە دەدەن. بەبێ گومان ئەوانەی کەدەتوانن خاوەنی هەردوولابن، واتە هەم زانستیان هەبێت‌و هەم ژیری، لەژیاندا سەرکەوتنێکی گەورەیان دەستکەوتووە.

٣- عیشق بەژیری کە فەیلەسوف هاوبەشی دەکات لە پەیوەندی نێوان دوولایەنی گرنگ لەکەسێتی مرۆڤ واتە لایەنی سۆزداری ولایەنی عەقڵانی روون دەکاتەوە. فەیلەسوف هەستی قوڵ‌و پەیوەندی توندی لەمەڕ جیهانناسی و مرۆڤناسی هەیە. لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا نەک تەنها توانا عەقڵانییەکانی لە کاردان، بەڵکو لە قوڵایی دڵەوە دەست دەکات بەجیهانناسی‌و ناسینی هاوجۆرەکانی.

دەتوانین ژیریش بەمانای فراوانی فیکر، تێڕوانینی قوڵ، بەصیرەت وتێگەیشتن‌و دیدی روون بەکار دەبات. ژیر کەسێکە کە بەجۆرە سیفەت یان تایبەتمەندی لە رەفتاری خۆیدا پیشاندەدات.

لە پێناسەی زاراوەییدا فەلسەفەدا لەنێوان فەیلەسوفەکان جیاوازی بۆچوون بوونی هەیە. پێشتریش روونمانکردەوە کە هەندێك لەفەیلەسوفەکان یەك یان دوولایەنی فەلسەفە یان لەبەرچاو گرتووەو ئەو چەمکەیان بەسەرنجدان بەم لایەنانە پێناسەکردووە. لەلایەکی دیکەوە فەیلەسوفان هەریەکێکیان جیهانبینی دیاریکراون وهەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەماهیەتی فەلسەفە لەتێڕوانین‌و بۆچوونی فەیلەسوفاندا

جیاوازبێت، لەبنەڕەتدا لەبەرئەوەی ئەم بەشە بەپێچەوانەی بەشە زانستیەکانەوە سنوورێکی دیاریکراو و دیاری نییە، هەر فەیلەسوفێک بەپێی تێڕوانینی فەلسەفی خۆی فەلسەفە بەشێوەی تایبەتی پێناسە دەکات.

(جۆن دیڤید) فەیلەسوفی مەزنی ئەمریکی لەکتێبی "بابەتە مرۆییەکان" لەژێر ناونیشانی "پەیوەندی زانستو فەلسەفە وەکو پایەی فێرکردن و پەروەردە" فەلسەفە بەوە پێناسە دەکات، کۆششێکە مرۆڤ بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجە بنەڕەتییەکانی لەژیاندا ئەنجامی دەدات. لە کتێبی دیموکراسی و فێرکردنو پەروەردە، لەژێر ناونیشانی "ماهیەت یان سروشتی فەلسەفە" پێناسەی فەلسەفە دەکات بەوەی کەسەرنجدانە لەکێشەکان یان بابەتی دیاریکراو.

بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵێك دژیەکی و ئیشکالات هەن لەژیانی گشتی وکۆیی مرۆڤەکاندا وهەرئەم کاروبارانەش دەبنەهۆی پەیدابوونی چەند بابەتێك کە فەلسەفە سەروکاری لەگەڵیاندا هەیە و بەناونیشانی بەشێك لە زانستەکانی مرۆڤ لەو بابەتانە باس دەکات. پەیوەندی هزر و ماددە، جەستەو ڕۆح، مرۆڤ بوونو سروشتی ماددی، تاك و کۆمەڵگە، تیۆریا یان زانین و کرداریان ئەنجامدان و نموونەی ئەم جۆرە کارووبارانە لە فەلسەفەدا دەبنە جێگەی باسکردن. لەرووی لایەنگری و حەزی فەیلەسوف، فەلسەفەدا هەوڵێکە کەفەیلەسوف دەیدات تاکو بەسەرنجدان

لەئەزموونەکانی خۆی تەنها دیدگایەك هاوئاهەنگ و سازگارو تەواو دەهێنێتەدی.

لەبەشێکی دیکەی ئەم بەشەدا، فەلسەفە بە بنەڕەتی تیۆری یان تیۆریای گشتی فێرکردنو پەروەردە دەردەبڕێت و باس دەکات.

(برتراند راسڵ) فەیلەسوف و ماتماتیکزانی هاوچەرخ فەلسەفە بەڕێگەی جیاواز پێناسە دەکات. هەندێکجار فەلسەفە بەبەشێك دەزانێت بابەتگەلی وەك: ئایا جیهان دابەش دەبێت بۆرۆح یان مادده وئەگەر بەمجۆرەیە زەین یان رۆح چییە و مادده کامەیە؟ ئایا جیهان یەکگرتن یان ئامانجێکی هەیە؟ ئایا جیهان بەرەو لای ئامانجێك دەڕوات؟ ئەم رۆحە شتێکی ماددیە یان هێزگەلی سەربەخۆی هەی؟ ئایا ڕێساکان لەسروشتدا بوونیان هەیە، یاخود ئەوەی ئێمە لەبەرخاتری عیشقی فیتری بۆ ڕێکخستن، باوەڕمان بەبوونی ئەم یاساو ڕێسایانە هەی؟ بەبۆچوونی (راسڵ) زانست ناتوانێت وەڵامی ئەم بابەتانە بداتەوە و وەڵامی کەلامیەکانیش رازیکەر نییە، لەبەرئەوە کاری فەلسەفە گەر وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە بابەتانە نەبێت، بەلایەنی کەمەوە خوێندنەوەو توێژینەوەی ئەم بابەتانەیە.

(ئالفەرد واتیهد) فەیلەسوفو بیرکاریزانی گەورەی سەردەمی ئێستا و مامۆستای (برتراند راسڵ) کە بەیارمەتی (راسڵ) لۆژیکی هێمایی داهێنا،

چەند پێناسەیەکی فەلسەفە باس دەکات کەخوێندنەوەیان بۆدەرککردن بە گرنگی فەلسەفە و ڕۆڵی بەسوود دەبێت.

لە کتێبی شێوەیان شێوەکانی بیر "modes of thought" لەژێر ناونیشانی "ئامانجی فەلسەفە" بەم شێوەیە وەسفی فەلسەفە دەکات: "فەلسەفە بۆچوون یان قبوڵکراون" مەبەستی ئەو هەر بەو جۆرەی بەدوای ئەم دەستەواژەیەدا روونکراوەتەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی ئەو بیروباوەڕەیە کەمانای تەواوی بە لەبەرچاوگرتنی لایەنەکان و مەرجە پەیوەستەکان بەو دەرکە نەبوون.

دانەرانی کتێبی "فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردە" لە پێشەکی کتێبەکەیدا چەند دەستەواژەیەك لە (واتیهد)دا دەگوازێتەوە کە بەمجۆرەیە:

"فەلسەفە لەحاڵی حیرەت و سەرسوڕمانییەوە دەست پێدەکات و لە کۆتاییدا کاتێك بیری فەلسەفی کاری خۆی بەباشترین شێوە ئەنجامداوە، حیرەت هەر دەمێنێتەوە. بەڵام مومکینە لە زەمینەی سەرنجدان بەمەزنی شتەکان و ناسککردنەوەو پاککردنەوەی سۆزەکان شتێك بەهۆی تێگەیشتنەوە زیاد بووبێت".

لە کتێبی بنەماکانی فەلسەفەو ڕێگەی ریالیزم، زانای گەورە و فەیلەسوف (موحەممەد حسێن تەباتەبایی) بەم جۆرە پێناسەی فەلسەفەی کردووە:

"زنجیرەیەک باسی بەڵگەدارە کەمەبەست و ئامانجی گەرموگوڕ دابین دەکات و ئەنجام و سەلماندنی بوونی راستەقینەی شتەکانو دیاریکردنی هۆکار و هۆکەیان و چۆنییەتی و پلەی بوونیان، ناوی فەلسەفەی لێ دەنرێت.

بەمجۆرەی لەوپێناسەی سەرەوەدا هەیە، فەلسەفە بریتییەلە بەشێک یان زانستێکە کەلەبارەی بوونەوە باس دەکات و بەزاراوەی فەلسەفە سنووردراو بە بووناسی"ontology". لەم پێناسەیەدا لایەنەکانی دیکەی میتافیزیک کەبەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ماهیەتی جیهانو حەقیقەتیەوە باس دەکات، بەشتێک باسنەکراوەو بابەتگەلی دیکەی وەکو ماهیەتی ناسینی مرۆڤو بەهاناسیش لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەدا نین.

لەکتێبی "فەلسەفەی باڵا" یان "حیکمەتی صدر المتألهین" چەند پێناسەیەک هاتوون لەوانە:

١- الحكمه هى العلم باالحوال اعيان موجودات على ماهى عليه بقدر الطاقة البشريه." واتە: فەلسەفە یان حیکمەت، بریتییە لە ئاگایی لەحاڵو

بارودۆخی بوونەوەرانی دەرەکی هەر بەو جۆرەی کەبوونیان هەیە، ئەم ئاگاییە لەسنووری ئامادەگیەو توانابیەکانی مرۆڤدا دەبێت.

ئەم پێناسە چەند خاڵێك روون دەکاتەوە:

١-فەلسەفە بەشێکە کە مرۆڤ لەحاڵی بوونەوەرانی دەرەکی بەئاگا دەکات.

٢-مەعریفەی ئێمە ئیعتیبارییە و پەیوەستە بەهاوڕابوون بەواقیعەوە. زۆرجار واقیعگەراکان لەگەڵ ئەم تیۆریایەدا هاوڕان، بەڵام بەو جۆرەی کەدەبینین ئایدیالیستەکانو بەرژەوەندیخوازەکان لەم زەمینەیەدا رەخنەی بنەڕەتی دەخەنەڕوو.

٣-ئەوەی کە سنووردارکردنی ئاگایی لەحاڵ و دۆخی بوونەوەرانی دەرەکی بەئەندازەی ئامادەگی و تواناکانی مرۆڤ پابەندی ڕێژەیی دەربڕینی مەعریفەی مرۆڤە. هەندێك لەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵ فەلسەفەی ئیسلامیدا هەیە مەعریفەی فەلسەفی بەشتێکی یەقینی و رەها دەردەبڕن.

دانەری "مێژووی فەلسەفە"ش چەند پێناسەیەکی جیاواز لە فەیلەسوفە جۆراوجۆرەکانەوە دەگوازێتەوەو و باوەڕی وایە هیچ یەك لەو پێناسانە بۆناسینی ماهیەتی فەلسەفەو روونکردنەوەی "پێگەو جێگەو مەبەستی" شتێکی تەواو نین.

بەبۆچوونی ئەو پێناسەی گشتگیرو تەواوی فەلسەفەکە سنووری ئەم بەشە دیاریدەکات لەم دەستەواژەیەدایە: "بەڵام گەر بڵێین فەلسەفاندن حاڵەتێکی ژیانە کە رەنگی دیاری سەرنجدانە لەناسین و فەلسەفە ئەنجام و بەرهەمی حاڵەتی فەلسەفاندنە، سنووری وردی فەلسەفەمان دیاریکردووە".

**سەرچاوە: فلسفە، د.علی شریعتمداری، چاپ پنجم، ١٣٨٢.**

# فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە بەشێکە لە زانستی مرۆیی کە باس لە وەلآم و پرسیار دەکات لەبارەی بابەتی زۆر گشتی و شوێنگەی مرۆڤ تیایاندا، بۆ نموونە ئایا ئەم جیهانە و پێکهاتە و شتەکانی بە شێوەیەکی گشتی ماددین؟ ئایا بە هاتنە بوونی یان هێنانەدی جیهان ئامانجێکی هەیە؟ ئایا ئێمە دەتوانین وەلآمی تەواوی هەندێك لە شتەکان بدۆزینەوە؟ ئایا ئێمە ئازادین؟ ئایا بەها رەها "موتلەق"کان بوونیان هەیە؟ جیاوازی سەرەکی فەلسەفە یان زانست لەوەدایە کە ناتوانین وەلآمە فەلسەفییەکان بە ئەزموون یانَ تاقیکردنەوە پاڵپشت و پشتگیری بکەین.

دەتوانین لە روویەکەوە دوو مانا بۆ فەلسەفە لەبەرچاوبگرین، لە مانای یەکەمدا مەبەست لە فەلسەفە بریتییە لە تێڕامان و لێکۆڵینەوەی عەقلآنی و پێشین لە بارەی بابەتی تایبەتیەوە. بابەتگەلی وەك: خودا، ناسینی بوون، ئەخلاق، مرۆڤ، زەین، کۆمەڵگە و...هتد. ئەم مانایە لە فەلسەفە، فەلسەفە بە ناونیشانی زانستێك بە بابەتێکی تایبەت کە

سەرووتر لەوە ناڕوات. بۆ نموونە: لە لای (ئیبن سینا) و (مەلا سەدرا) واتە، زانست بە بوون و بەشەکانی. یان لای کەسێکی وەکو (کانت) فەلسەفە واتە: تێڕامانی عەقلانی لە بارەی ناسین و مەعریفەتی مرۆڤ، هەروەها فەلسەفە لای (ڤیتگنشتاین) واتە، لێکۆڵینەوە و تێڕامان لە بارەی زمانەوە و...هتد، لە دەربڕینێکی لەمجۆرەدا لە فەلسەفە، فەلسەفە لە مانایەکی دیاریکراو و سنوورداردا بەکاردەهێنرێت و لە سنوورێکی تایبەتی سنووری جیهان، ناسین، زمان، مرۆڤ. ئێستا ئەوەی لە فەلسەفەدا بە ناونیشانی " مێژووی فەلسەفە" مەبەستە، هەمان مانای دووەمە لە مانای فەلسەفە، چونکە ئەوەی بە ناونیشانی مێژووی فەلسەفە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە و دەکرێت، لایەنێکی فراوان لە باس و بابەتی فەلسەفی وەك، بوون، خودا، جیهان، مرۆڤ، ئەخلاق، مەعریفە، و ...هتد دەگرێتەوە.

لێکۆڵینەوە لە "مانای فەلسەفە" ئەوە پێویست دەکات کە لێکۆڵینەوە لە مانای " مێژووی فەلسەفە" دا بکرێت. فەلسەفە ژیانی ئەندێشەیە. فەلسەفە پرسیار لە بوون و زانسە بەو شتانەی بوونیان هەیە. فەلسەفە ڕۆیشتنی درێژخایەن و بەردەوام و لە ڕێگەبووندایە.

(ویلیام جیمز) دەڵێت: فەلسەفە شتێك نییە جگە لە گەیشتن بە بنەچە و بنەوانی حەقیقەتی شتەکان و نوقومبوون لە مانا قوڵەکانیان و لە زنجیرەی شتە واقیعیەکان، پەیداکردنی کرۆك و ناوەڕۆکی خودی یان

بە گوتەی (سپینوزا) خودی کرۆکیانە، بەم ڕێگەیە زۆربەی حەقیقەتەکان لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرن و بە " گشتێکی سەروو گشتەکان" دەگەن.

لە فەلسەفەدا چێژێك بوونی هەیە، تەنانەت لە سەرابی بیابانەکانی زانستی سروشت ڕاکێشان و هێزێکی ڕاکێشەر بوونی هەیە. زۆربەمان لە بەهاری تەمەنی خۆماندا ڕۆژی ئاڵتونیمان تێپەڕاندووە کە تیایاندا مانای گوتەی (ئەفلاتۆن) کە دەڵێت: " فەلسەفە چێژێکی ڕێزداری هەیە." مان دەرك کردووە. لەو ڕۆژانەدا عیشق بۆ حەقیقەتێکی سادە تێکەڵ بە هەڵە بۆمان زۆر گەورەتر بووە لە چێژە جەستەیی و پیسیە ماددیەکان. ئێمە هەمیشە لە نێوخۆماندا دەنگێکی نەزانراو دەبیستین کە بەرەو ئەو یەکەمین عیشقە بۆ حیکمەت بانگ دەکات. ئێمە وەکو (براونینگ) بەمجۆرە بیر دەکەینەوە کە: " خۆراك و خواردنەوەم بۆ تەواوکردنی مانای ژیانە."، بەشێکی زۆری ژیانمان بێ مانایە و لە دوو دڵی و بێهودەیی بە هەدەر دەڕوات. ئێمە لەگەڵ ئەو شتە نارێکخراوانەی کە لە دەرەوە و ناوەوەماندا هەن جەنگ دەکەین و لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەین کە ئەگەر بتوانین ڕۆحی خۆمان بپشکنین کارێکی گرنگ و پڕ مانای تێدا دەدۆزینەوە. ئێمە بە دوای تێگەیشتن لە شتەکان دەگەڕێین. "مانای ژیان بۆمان ئەوەیە کە خۆمان و ئەوەی کە لەگەڵیدا ڕووبەڕوودەبینەوە بە ڕوونی و وەکو بڵێسەی ئاگر بیگۆڕین." ئێمە دەمانەوێت بەها و دوورنمای ئەو شتانەی لە بەرچاوماندا تێدەپەڕن

بدۆزینەوە و بەم جۆرە خۆمان لە تۆفانی رووداوەکانی رۆژانە دووربخەینەوە.

ئێمە دەمانەوێت تەواو بین و بەدوای هێز و ووزەکانی خۆماندا بگەڕێین و رێکیان بخەین و حەزو ئارەزووەکانی خۆمان هاوئاهەنگ بکەین. چونکە هێزی رێکخراو و رێکوپێك کۆتا قسەی ئەخلاق و هونەری سیاسەت و رەنگە کۆتا ووشەی لۆژیك و ئەودیو سروشتیش بێت. (سورو) دەڵێت: "بۆ فەیلەسوفبوون هەبوونی بیرۆکەی باریك و تەنانەت هەبوونی قوتابخانەیەکی تایبەت هەموو شتێك نییە، بەڵکو تەنها ئەوە بەسە کە حیکمەتمان خۆش بوێت و بەپێی بڕیار و حوکمەکانی ژیانی سادە و سەربەخۆ و شەرەفمەندانە و دڵنیایمان هەبێت." ئەگەر ئێمە تەنها حیکمەت بدۆزینەوە، دەتوانین دڵنیا بین کە ئەوانیتر بەدوایدا دێن. حەقیقەتی فەلسەفە دۆزینەوەی چییەتی هەبوو و بەرەو بوونییەتی و ئەم حەقیقەتە لەو رووەوە کە مێژووییە لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەك یان بە ناوێکەوە دەست پێدەکات.

بە شێوەیەکی گشتی فەلسەفە پێنج بەش لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش:

١- لۆژیك: بینین و بینینی ناوەوە، گریمانە و ئەزموون، شیکرنەوە و پێکهاتە..هتد.

٢- زانستی جوانی: خوێندنەوەی شێوەی ویستراو، یان جوانی و هەروەها فەلسەفەی هونەر.

٣- ئەخلاق: لێکۆڵینەوەیە لە ڕەفتاری تەواوکاری خوازراو و زانستی خێر وشەڕ و زانستی حیکمەتی کرداری و بە گوتەی (سوکرات): زانست، زۆر بەرز و باڵایە.

٤- سیاسەت: باسکردنە لە پێکهاتەی نموونەیی کۆمەڵ.

٥- زانستی ئەودیو سروشت یان بان سروشت: باسکردنە لە حەقیقەتی ئەودیو پێشینەی گشتی شتەکان، واتە سروشتی واقیعی ماددە"علم الوجود" و دەروون " دەروونناسی میتافیزیك" و پەیوەندی نێوان " رۆح" و "ماددە" لە دەرککردن و مەعریفەتدا "باسکردن دەربارەی مەعریفەتناسی".

سەرچاوە: باشگاە حیات اندیشە، مەلا سەدرا - هنری کاربۆن، نامەی فەلسەفە - مەسعود ئەمیر -ش ١١. خداوندان اندیشەی سیاسی - نشر امیر کبیر.

# فەلسەفە چییە؟ فەلسەفە بۆ چییە؟

کەواتە، دواجار فەلسەفە چییە؟ فەلسەفە بە پێچەوانەی بەکارهێنانی گشتی ئەم ووشەیە، بە تەواوی روانین و ووردبوونەوە لە ژیان نییە. کاتێك کەسێك لە کورسی تەنیشتانەوە لە پارك دادەنیشێ و دەڵێت: (فەلسەفەی من لە ژیاندا ئەوەیە کە ...) ئەمە فەلسەفە نییە. (هەڵبەتە مەگەر ئەو کاتەی ئەم کەسە فەیلەسوفێك بێت و لە ماڵ هاتبێتە دەرەوە و لە بیەوێت لە پارك پشوویەك بدات.) نەخێر فەلسەفە یەکێکە لە لقە تایبەتیەکانی زانیارییەکانی مرۆڤ.

پێش ئەوەی ژینگەزانی و فیزیا بە "زانست" ناوببرێن و لێکۆڵینەوەی زەین بە "دەروونناسی" و لێکۆڵینەوە لە سیاسەت بە "زانستی سیاسەت" ناو ببرێت، فەیلەسوفان خەریکی ئەم شتە بەشی و بچووکانە بوون و بە دەستەواژەیەکی تر ئەو زانستانەیان داهێنابوو. بەڵام فەلسەفە پێش ئەوەی خەریکی ئەم بەشانە بن، هەوڵدانێکی بۆ فراوانکردنی دیدگا و روانینێکی گشتی لەمەڕ جیهانی بوون لە بونیادیترین بەشەکانی و

هەروەها دیگا و روانینی گشتی لەمەڕ مرۆڤ، لە چییەتی "ماهیت"ی خودی و ناوەکیەوە بگرە تاکو توانا و سنووری تواناکانی.

فەلسەفە لە شەوق و تاسە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی چییەتی "ماهیت"ی شتەکان دروستبووە و دەرکەوتوە. فەلسەفە بە ناونیشانی رێگە و شێوازێکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە راز و نهێنییەکانی جیهان دروستبووە و شێوازی فەلسەفی بۆ دیاریکردنی حەقیقەت، بانگەشە گەلێك لەبارەی جیهانەوە، لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی جەخت دەکاتەوە.

فەیلەسوفان تاسە و شەوقی ئەوەیان هەبوو خودی شتەکان کەشف و ئاشکرا بکەن و فەلسەفەشیان بە ناونیشانی رێگە و شێوازێکی تایبەت بۆ تێگەیشتنی راز و نهێنییەکانی جیهان داهێنا. رێگەیەك کە ئامرازی سەلماندنی دیدگاکانیان فەراهەم دەکات. فەلسەفە لەگەڵ مەزهەبدا جیاوازە. چونکە بانگەشەکانی فەلسەفە لەبارەی جیهانەوە بە یارمەتی لۆژیك ئاراستە دەبن، لە کاتێکدا مەزهەب بنەمای تایبەتی خۆی بە بەهرە وەرگرتن لە داستان و گێڕانەوەی چیرۆك روونده‌کاتەوە.

تەنانەت ئەو رۆماننووسە گەورانەی کە ئایدیا و بیرۆکەکانیان لەبارەی مرۆڤ و جیهان لە لاپەڕەکاندا دەنووسنەوە و بەرەو قوڵایی تێگەیشتن و روانینیان دەمانبەن، فەیلەسوف نین. بۆچی؟ تەنها لەبەرئەوەی خەریکی فەلسەفە نین. بە روونکردنەوەیەکی تر، روونکردوەیەك یان بەڵگەیەك بۆ بانگەشەکانیان ناخەنەڕوو.

زۆرباشە، کەواتە فەلسەفە ئەوەیە، بەڵام چ گرنگیەکی بۆ ئێمە هەیە. ئیدی بابەتی بنەڕەتی هەر ئەمەیە! بابەتێک کە رەنگە ئێوە بترسێنێ بە خوێندنەوەی ئەم پێشوتارە یان نەتانترسێنێت. وەڵام سادەیە: (**فەلسەفە فێرمان دەکات چۆن بیر بکەینەوە**). فەیلەسوفان نەک تەنها فێرمان دەکەن بیر لە چ شتێک بکەینەوە، بەڵکو فێری ئەوەمان دەکەن چۆن بیر بکەینەوە. خوێندەوەی مێژووی فەلسەفە، تەنها خوێندەوەی مێژووی ئەندێشەکان نییە، بەڵکو تا رادەیەکیش خوێندنەوەی و لێکۆڵینەوەی مێژووی مەعریفەی ئێمەیە، خوێندنەوەی شێوازی بیرکردنەوەی ئێمەیە. پشت بەستنی ئێمە لە سەردەمی مۆدێرنەدا لەسەر پێدراوە ئەزموونییەکان و ئەزموونگەری و هەروەها بیروباوەڕمان بە بەڵگەگەلی لۆژیکی بۆ سەلماندنی گوناهکاری یان بێگوناهی، هەموویان بەرهەم گەلی تۆوە فەلسەفیەکانن کە لە رابردوودا و سەدە لە داوی سەدە، روێنراون.

ئایدیا و بۆچوونەکانمان کاریگەرییان لەسەر ناسینمان هەیە و خوێندنەوەی رێڕەوی مێژوویی ئەم ئایدیایانە کە دەکرێ بوترێ هەمان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی فەلسەفیە، وەکو هەنگاونانە بەرەو ناوەوەی زەینی نوسەرێکی دێرین و کۆنە کە روانینەکانی کۆمەڵە بۆچوون و ئایدیایەکی دروستکردوە، کە ئێمە باوەڕمان پێیانە. شێوازێکی داهێناوە کە ئێمە بە سوود وەرگرتن لێی باوەڕ بەم ئایدیایانە ناکەین و تەنانەت دەنگێکی داهێناوە کە قوڵترین دەنگی دەروونی ئێمەیە.

لە ماوەی ئەم گەڕان و پشکنینەدا پەی بەوە دەبەین کە کۆمەڵێ لە فەیلەسوفان پەنجە دەخەنە سەر چەند لایەنێکی جیاوازی کرداری فەلسەفی. هەندێکیان تیۆرداڕێژەری ئەخلاقی یان سیاسین. لە کاتێکدا هەندێکی تریان بابەت و بۆچوونەکانی خۆیان لە بابەت و بوارەکانی مەعریفەتناسی و میتافیزیک بەکار دەهێنن. ئەم خاڵەش روون دەبێتەوە کە فەلسەفە بەشێکی زانستی و لێکۆڵینەوە گەلی زۆر سەرتاپاگیرە و هەرچی دونیای واقیعیەت، کۆمەڵگە و سیاسەت گۆرانکاری بەسەردا دێت، قسەی فەلسەفیش لەگەڵ ئەوەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە فەیلەسوفانی سەرەتاکانی سەردەمی نوێ و مۆدێرنە وەکو: (هۆبز و دیکارت) هەوڵیاندەدا لە دۆزینەوە زانستیەکانی (گالیلۆ) و (کۆپەرنیک) تێ بگەن و لە بۆچوونەکانی خۆیان بیانگونجێنن. لە کاتێکدا فەیلەسوفانی هاوچەرخ و ئەم سەردەمە چەمکە فەلسەفیەکانی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی زانستین و خراونەتەڕوو وەکو: (cloning)، واتە، بەرهەمهێنانی زیندەوەرێك لە زیندەوەری تر یان بابەتی کۆپیکردن و دروستکردنی وەچەی نوێ، یان تاقیگەی بوونەوەرانی زیندوو. یان گەشتکردن بۆ فەزا تێ بگەن و لە بۆچوونەکانی خۆیان بیانگونجێنن. بەڵام فەیلەسوف زیاد لەوەی بە تەواوی بە دوای ئەم گونجاندنانە زانستیانەوە بێت لە فەلسەفەی خۆیدا، ناچار خۆی دەرگیری کۆمەڵێ بابەتی سەردەمی خۆی دەکات. بەم شێوەیە، خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفە سەرنج راکێشە، لەبەرئەوەی کاتێك فەیلەسوف وەڵامی

پرسیارەکانی دونیای هاوچەرخی خۆی دەداتەوە، دەبێت وەڵامی ئەو بەڵگەلە و بانگەشە فەلسەفیانەی پێشینانیش بداتەوە و هەروەها دەبێت وەڵامی بابەتە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەش بداتەوە، ئەو بابەتانەی لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە کە هەموو فەیلەسوفانی هەموو کات و سەردەمەکانی خستۆتە ناو قەیران و بەشێك لە ئیلهام بەخشیشیان بوون.

**سەرچاوە:**

**کتاب کوچك فلسفه، گریگوری برکمن، ت، کیوان قبادیان، کتاب مه، تهران، چاپ دهم، ۱۳۹۰.**

# فەلسەفە چییە؟

چۆن دەتوانرێت پێناسەی فەلسەفە بکرێت؟ جیاوازی نێوان ئەندێشەی فەلسەفی لەگەڵ زانینی – ئایینیدا کامەیە؟ بۆچی ناتوانرێت هەر جۆرە شتگەلێك ناو بنێین فەلسەفە؟ بۆچی پەیوەست بوون بە دەستەواژەگەلی ناودارانی مێژووی فەلسەفە بە تەنها بە مانای فەلسەفاندن نایەت؟ بۆچی فەلسەفە، بیرکردنەوەی رەخنەگرانە نییە؟ سەرەنجام ئەوەی کە: تایبەتمەندی گشتیی فەلسەفی هاوچەرخ چییە؟ لەم نووسینەی خوارەوەدا رووگەیەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

فەلسەفە بیرکردنەوەی چەمکی وردە لەسەر بونیادەکان و دیاردە بنەڕەتیەکانی بوونی ئێمە لە جیهاندا. بیرکردنەوە چەمکێکە، لەبەرئەوەی لەگەڵ چەمکەکان کار دەکات، واتە ئەو شێوە و رووگەیە لە تێگەیشتنی جیهان شەن و کەون دەکات کە بۆ تێگەیشتن دەرهاتن یان پیشاندانی چەمکە گشتیەکانە. لەم رووەوە نووسینێکی فەلسەفی

جیاوازی هەیە لەگەڵ بەرهەمێکی ریوایەتی و گێڕانەوە کە بە جۆرێك خەریکی بابەتە بنەڕەتیەکانی بوونی ئێمەیە لە جیهاندا، بەرهەمێکی وەك "پەپوی کوێری"، (سادقُ هیدایەت) یات "تاوان و سزا"ی (فێودور دیستۆفیسکی). لە رۆمانەکاندا ناوەکان لە تاك – بوونیان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بەڵام لە نووسینە فەلسەفیەکاندا، خەریکبوون بە ئەندێشەکان لە لایەن چەمکەکانەوە دروست دەبێت و رۆڵ دەگێڕێت.

فەلسەفە بیرکردنەوەی تێگەیشتنی وورده، چونکە دەبێت کە:

– چەمکە فەلسەفییەکان، پێناسەکراو، روون و جیاواز و جوێکەرەوە لە هاوشێوەکانی خۆی بێت.

– ئەو گوزارانەی روونی دەکەنەوە و ئەو روونکردنەوانەی پێکیانەوە دەبەستنەوە، دەبێت پەیوەستبوونێك لەگەڵ پاراستنی سنوور و چوارچێوە و روونکردنەوەی مومکین سازی عەقلانی روون بکاتەوە.

– سەرەنجام، دەبێت ئەو وێنانەی پەیوەستن بە گوزارەکانەوە لەگەڵ یەکدا، لۆژیکی بن، لەگەڵ عەقلدا بێنەوە، رەخنەگرتنی عەقلانی دەربخەن و جەستە بدەنە ئەزموون و دووبارەبوونەوەی ئەزموونی عەقلانی.

لەم روونکردنەوەیە بە خێرایی دەتوانرێت ئەوە دەربکەوێت کە ئەندێشە فەلسەفیەکان لە چ شوێنێکدا بەرەو لادان دەڕۆن، ئەو جێگەیەی کە چەمێك دەخاتە بەردەم کە بێ سنوور و چوارچێوە بێت یان بە

حوکمێك بکات کە ئەزموونی عەقلانی روون نەکاتەوە دەرنەخات، لەم روەشەوە لەوانە بە بەڵگەی بێ سنوور و چوارچێوەبوونی.

بۆ نموونە: پەیامێك دەخوێنینەوە لەبارەی "دەسەلات"ەوە. تیایدا هاتووە کە: هەر کار و کاردانەوەیەك، هەر راکێشان و پاڵ پێوەنانێك و هەر کۆمەڵگەیەك و تاکێك لە دەسەڵاتەوە هاتووە. لەم گوزارەیەدا "دەسەلات" بە جۆرێك بە چەمکێکی گشتیی گۆڕاوە کە ئیدی سنوورێکی دیاریکراوی نییە و ئێمە ناتوانین لە رێگەی ئەو چەمکانەی دیکە کە دیارییان کردوە، بیناسین. لەگەڵ چەمکێکی لەمجۆرەدا ناتوانین ژیرانە و لەرووی ژیریەوە کار بکەین، واتە لە هەر هەنگاوێکدا دڵنیا بین کە دەتوانین ژیرانە ژینگەی خۆمان هەڵسەنگێنین و بزانین و بۆمان دەربکەوێت چ شتێك لە سەنگەری بینیندایە و چ شتێك دیار نییە و نابینرێت.

لادان لەو شوێنەوە دەردەکەوێت کە بانگەشەی ئەوە بکرێت ئەو چەمکەی یان گوزارەیەی دەخرێتە بەرباس و پیشان دەدرێت، شوێنگەیەکی سەروو عەقلی یان دەربارەی بابەتێکی سەروو عەقلی داوەری دەکات و لەمەشەوە داوەریەك دانیشتوە. لەم کاتانەدا هەمیشە داوامان لێ دەکەن کە واز لە کاری ژیرانە بهێنین. ئەنجامی ئەوەش وەستاندن و بەتاڵبوونی فەلسەفەیە. لە شوێنێکدا گەر لە فەلسەفەدا داوامان لێ بکەن توێشوو و توانایەکی تر جگە لە ژیری رەخنەگرتنمان هەبێت و روو لە هەست و غەریزە و روانینی رووکەشانە بکەین، دەبێت

هەست بە مەترسی بکەین. فەلسەفە راست لە شوێنێکی لەمجۆرە دەڕوات کە بە ئایدۆلۆژیای لادەری واقیعیەت بگۆڕێت. فەلسەفە پرسیارکردن و رەخنەگرتنە. فەلسەفە پەیڕەوی کردن و تەقلیدکردن نییە.

فەلسەفە نەك تەنها پەیڕەویکردن نییە، بەڵکو سەرپێچییە. چونکە گومان بەردەوامە، پرسیارکردن بەردەوامە. لەم روەوە جیاوازی هەیە لە نێوان نووسینی فەلسەفی و نووسینی ئایینی. دەستەواژەی (الف راستە، چونکە لە دەقێکی پیرۆزەوە هاتووە)، لە فەلسەفەدا هیچ حەقیقەتێك بە وتنی دەستەواژەی وەکو (کانت) وتویەتی کە ... ناسەلمێت، مەگەر ئەو کاتەی قسە و باس لەبارەی (کانت)ەوە بێت و باسکردن لەبارەی خودی (کانت) و ئەندێشەکانی، باسێکە لە مێژووی فەلسەفەدا، نەك فەلسەفە لەمانای تایبەتی ئەودا.

لە باسی فەلسەفیدا، ناوی ناوداران هەمان ئەو ئیعتیبارەی هەیە کە لە بیرکاریدا هەیتی (وورتر ئەوەیە کە رەفتار ئامێزانە بڵێین، دەبێت هەمان ئەو ئیعتیبارەیان هەبێت کە لە بیرکاریدا هەیانە). بابەتی (فیساغۆرس) ئیعتیباری لەو بەڵگەوە وەردەگرێت کە بەناوی (فیساغۆرس)ەوە تۆمار کراوە، نەك لە (فیساغۆرس) بە ناونیشانی شتێکی دیاریکراو کە لە دەوروبەری ساڵی (٥٧٠)ی پێش زایین لە جەزیرەیەکی یۆنان (سامس) لە دایکبووە. لە ئاییندا بابەتەکە پێچەوانەیە. هەندێك لە حوکمە ئایینییەکان رەنگە بتوانرێ بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونە راستەوخۆکان و عەقڵی سەلیم،

بەڵگەیان بۆ بهێنینەوە، بەڵام بەڵگە هێنانەوەی عەقڵانی خۆبەخۆ هیچ حوکمێکی ئایینی ناکەن.

فەلسەفە هەوڵدەدات کە ئایدیا کۆتا هاتووەکان یان کۆتا نەهاتووەکان چ پەیوەندییەکیان بە کۆتایی هاتنی بوونی ئێمەوە هەیە، ئێمە دەژمێرین، چونکە دەمرین. ئەگەر نەمردینایە، ئایا جارێکی تر نەماندەتوانی بژمێرین؟ ئێمە لەبەرئەوە دەژمێرین، چونکە دەمرین، واتە لەبەرئەوە کۆتاییمان دێت، ئایدیایەکمان لە ناکۆتابوون هەیە. کۆتا نەهاتن بەهۆی مەرگی ئێمە و مردنمانەوەیە. باشترین دراوسێ بۆ فەلسەفە، بیرکارییە. بەڵام لە نێوان ئەم دووانەشدا جیاوازی زۆر هەیە. لەم روەوە بیرکردنەوەی کارا و کارگوزار لە هەردووکیاندا بیرکردنەوەی وردە و لەم روەوە هاوشێوەی یەکترن. جیاوازی بنەڕەتی لە بابەتی کاری ئەمانەیە، فەلسەفە خەریکی بونیادەکان و دیاردەکانی بونیادی بوونی ئێمە لە جیهاندا دەبێت. بەڵام ماتماتیک توێژینەوە لە بوونی هەر جیهانێکی مومکین دەکات کە بە رێژەیەك روون بکرێنەوە.

کۆتایی هاتن، واتە بوون لە پانتایی سنووردار، لە دایکبوون لە جیهانێکدا کە پێشتر بوونی هەبووە، ژیان لەگەڵ ئەوانیتردا، تەنگکردنی جێگەی ئەوانیتر، جێگەدان بە ئەوانیتر، مردن لە کاتێکدا کە ئەم داستانە کۆتایی هاتووە — بە جۆرێك کۆتایی هاتوو دەنوێنێت — دووبارە دەبێتەوە و درێژە دەکێشێت. ئێمە لەبەرئەوە کۆتاییمان دێت، دەبێت ناسینی خۆمان هەڵسەنگێنین و سنوورەکانی بناسین. لەبەرئەوە

كۆتاییمان دێت، دەبێت بزانین چۆن ژیانی خۆمان دەوڵەمەند و بەرەو پێش بەرین تاكو هەناسەیەك بە ئاسودەیی هەڵكێشین و بە بیرێكی ئاسودەوە بمرین، ئەو كات نە مەیدانو بواری ئەوانیتر تەنگ دەكەین و نە ئەویتر ئێمە دەخاتە تەنگی و نارەحەتیەوە. فەلسەفە لایەنە جیاوازەكانی شوێنگە و پلەی ئێمە دەپشكنێت. فێربوونی فەلسەفە بە مانای فێربوونی شیكردنەوەی شوێنگە و پلەكانی بوونە.

ئەم رستانە لە دێرزەمانەوە دەناسین:

مرۆڤ، لەناوچووە.

مرۆڤ ئاژەڵێكی گۆیایە.

مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە.

فەلسەفەی هاوچەرخ لەسەر ئەم سێ رستە كۆنە وەستاوە. لە بەرهەمەكانی (ئەرستۆ)دا رووبەڕووی هەر سێ رستەكە دەبینەوە. ئەزموونە بوونگەرایی — مێژوویی و بەرهەم دەستهاتە زانستیەكانی سەدەكانی نۆزدەهەم و بیستەم، دەركی ئێمەیان بە گشتیی و تەواوی گۆڕیوە. "مرۆڤ لەناوچوو و فانییە" لەبەرچاو بگرن. ئێمە ئێستا مانای ژینگەناسانەی ئەم رستەیە لە كەسانی پێشووتر زیاتر تێدەگەین. لە رووی دەروونی و كۆمەڵایەتی ئاشنایی زیاترمان لەگەڵ مەرگدا هەیە. بە یارمەتی مێژوونووسی مۆدێرن، كە خۆی لە مێژووی سیاسی و ئەدەبیدا سنووردار ناكات، لەگەڵ مێژووی مردندا ئاشنا بووین. دیاردەناسی، لە دایكبوون، مەرگ، كات، ترس، گۆشەگیری، دڵەراوكێ و بێزاری فێربووین.

لەسەر ئەم حەقیقەتە سادەیە، ئاگاییەکی زیاترمان لەمەڕ پێشینانی خۆمان هەیە کە مرۆڤ لەبەرئەوەی دەمرێت، پێویستی و نیازی بە خۆراك، بەرگ، ماڵ، ئامێر و ئامراز هەیە. "مرۆڤ لە ناوچووە" و "مرۆڤ، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە"، دوو گوزارەی پەیوەستن بەیەکەوە. کۆبونەوە بۆ ژیانکردنە. ژیانی رێکخراو، ژیانکردن و ژیانە لە کۆمەڵگەیەکی رێکخراودا. قوتابخانە رەخنەگرەکان دەرکی ئێمەیان لە رێکخستن گۆڕیوە. بە یارمەتی ئەمانە لە قەیراننناسی بوونی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بە رۆڵی بەرهەمهێنانی هێزی کار و بێگانەیی لەگەڵ بەرهەمی کاری خۆماندا پەیمان بردووە. پەیامەکانی ئەم حەقیقەتە سادەمان بۆ دەرکەوتووە کە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ لە هیچ جێگەیەکدا، کۆبوونەوەیەکی بێدەنگ نییە. دەڕۆین بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین ئەوەی کە مرۆڤ قسە دەکات، بە چ مانایەکە. ئیدی لە نێوان قسە و کرداردا سنوور ناکێشین و دەزانین هەر قسەیەك کردارێکە و هەر کردارێك کە نیشانەیەکە لە ژینگەیەکی مێژوویدا دروستبووە، کۆی نیشانە و کۆمەڵە هێمایەکە. پەیامی گۆڕان و سوڕی زمان لە سەدەی بیستەمدا کە بەناوی (ڤیتگنشتاین)ەوە تۆمار کراوە، تەنها بە دامەزراندنی فەلسەفەی شیکاری زمان تەواو نابێت و کورت نابێتەوە. هەموو زانستە مرۆییەکان لەم گۆڕانە کاریگەرن. ئێستا ئەوە دەزانین کە "تەنها دەنگە کە دەمێنێتەوە"، لە هەمانکاتدا دەزانین کە زمانی گۆڕستانیش بوونی هەیە و هەروەها بەشداربوون لەم توانا جادوییە کە رێگە بە مردووەکان دەدەن، تاکو

لەگەڵ ئەو کەسانەی دەژین، هاوژیانی بکەن و تەنانەت هەروەك ئەوانەی کە دەژین لە جووڵە و جۆش و خرۆشدا بن. زمان، زمانی مرۆییە. هەرچی روون بکرێتەوە، پەیڕەوی لە شوێنگە و پلە مرۆییەکان دەکات. بوون، هیچ راز و نهێنییەك لەسەرووی شوێنگە و پلە مرۆییەکاندا بوونی نییە.

فەلسەفە دەرککردنی تێڕامانانەی شوێنگە و پلە مرۆییەکانە. فێربوونی فەلسەفە واتە فێربوونی تێڕامان لەمەڕ شوێنگە و پلە بونیادی و بنەڕەتیەکان. ئەوەی کە ئێمە بزانین (hypokeimenon) بە مانای چی دێت، (هیگڵ) چ رەخنەگەلێکی لە (کانت) گرتوە و پێکهاتەشکێنی (درێدایی) چ تایبەتمەندییەکی هەیە، بە تەنها و خۆبەخۆ فەلسەفاندن نین. هەر لەسەر ئەم پێوەرەش دەتوانرێت بوترێت کە خوێندنی فەلسەفە بە خوێندنی کتێبەکانی فەلسەفە سنووردار نابێت. "مێژووی بەیهەقی" بەرهەمێکی فەلسەفی نییە، بەڵام دەتوانرێ جارێکی تر بە دید و روانینێکی فەلسەفییەوە بخوێنرێتەوە، بەم جۆرەی هەوڵ بدرێت کۆتا سنوورەکانی وێنا بکرێن کە بە شێوەیەکی دیار دروستکەری مەنزومەی مانایی ئەم کتێبەن. ئەوە تۆمار دەکەین بە شێوەیەکی دیاریکراو، چونکە سنوورە کۆتاییەکانی جیهانی مانایی هەموویان بەرهەم گەلی مرۆڤن. لە دایك دەبین، دەرد و ئازار دەکێشین، ئازاری یەکتر دەدەین و زۆرجار یارمەتی یەکتر دەدەین و قسە دەکەین و چ بگا بەوەی رێگری لە قسەکردنی یەکتر دەبین و سەرەنجام دەمرین.

پێشتر باسی ئەم سێ ڕستەیەمان کرد: مرۆڤ فانی و لەناوچووە، مرۆڤ ئاژەڵێکی گۆیایە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە. ئەم ڕستیە نەمرترین ڕستەن لە مێژووی فەلسەفەدا. لە دوو توێی حەقیقەت ئەمانەوە هەر پێگە و شوێنەگەیەک، شوێنگەی و پێگەی کاتی، پێگەی زمانی و پێگەی کۆمەڵایەتی دەزانین. سێ ڕووی مێژوو، زمان و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەیەک بوون و ئەگەر بە جیا توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت، پێی هەڵوەشاندنەوی شیکاری لە نێودایە، نەک جیایی بوونناسی. ئەو کات سنوورە کۆتاییەکانی هەر پێگەیەک دەربکەون، ئەوا بە گوزارە گەلی مێژوویی لە زمانی مێژوویی کۆبوونەوە و کۆمەڵێکی مێژوویی دەگەین. ئەگەر شتێک بە سەروو مێژوویی بزانرێت، زانینی ئەو شتە، مێژوویبوونی زانینی مومکین دەکات. یان مێژوویی، ڕووگەیەکی دیاردەیی مێژووییە.

هیچ حەقیقەتێک لە سەرووی زمان و مێژووە نییە. بەڵام مێژوو وەکو ڕۆحی سەردەم، زمان وەکو زمانی ڕوونکەرەوەی زانراوە تەنگ و تەسک بینانەکانی سەردەم و کۆمەڵگو وەکو پێکهاتەیەک لە دەسەڵات کە ڕێگەی براوەی بەرەو توندوتیژی و درۆسازی و دروستکردنی درۆ "وەکو ئایدۆلۆژیا" و نیازمەند و پێویستی پێیانە، بۆیە لە حەقیقەت دەدەن و بەرگ و داپۆشەری حەقیقەتن. لەم ڕووەوە کاری فەلسەفە ڕەخنەی

سەردەم، رەخنەی زمان و رەخنەی کۆمەڵگەیە. نەك تەنها بیرکردنەوە، بەڵکو رەخنەی ئەندێشەیە.

فەلسەفە ئەندێشەیە لەسەر ئەندێشە. چونکە وێنەدانەوە و تیشکدانەوەی ئەندێشەیە لەسەر ئەندێشە، تێڕامانی دانەوە و وێنەدانەوەیە لە چییەتی "ماهیەت"یدا. ئەم تێڕامانە، رەخنەگرانەیە. لەبەرئەوەی رەخنەگرانەیە "ترادیسیۆنی"یە. ئەو دووری و ماوەیەی کە لە نێوان ترادیسۆنیدا دەگوزەرێت، بۆ هەڵسەنگاندنە. فەلسەفەی سوونەتگەراییەك کە لە لایەن (کانت)ەوە بونیاد دەنرێت، پاشان لە سەدەی بیستەمدا بە شێوەی رەخنەی فەرهەنگ، رەخنەی زمان و رەخنەی کۆمەڵگە دەردەکەوێت، لەم مەترسیە لە پارێزگاریدا دەمێنێتەوە کە لە رەخنەی سەرووسروشت و ئەودیو سروشت دەست پێ بکات، بەڵام جارێکی تر لە سەنگەری بونیادنانی سەرووسروشتی نوێ بێتە دەرەوە.

فەلسەفەی سوننەتگەرای مۆدێرن، فەلسەفەیەکی رەخنەگرانەیە. ئەم فەلسەفە پۆست مۆدێرنەیە. سیفەتی پۆست مۆدێرنە جێگە و پلەی ئەم فەلسەفەیە دیاری دەکات، ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی سروشتیە، واتە ئەودیو سروشتی پشتگوێ خستوە. ئەگەر مانای "دەهری"،

"ڕۆژگاری" و "جیهانی" بێت، دەتوانین لەم زاراوە کۆنە بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەهرە وەربگرین. فەلسەفەی هاوچەرخ ڕۆژگاری"دەهری"یە، چونکە پێگە و بابەتی ئەندێشەی شوێنگە و پلەکانی بوونی جیهانی مێژووییە لە زمانی مێژووییدا.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت.

# فەلسەفە بۆچییە؟

بەڵگەیەکی گرنگ کە لە پشتگیری و پاڵپشتی خوێندنی فەلسەفەدا هەیە بریتییە لەوەی سەروکاری فەلسەفە لەگەڵ بابەتە بونیادییەکانە و بەمانای بوونمانەوە پەیوەست دەبن، گەلێك لە ئێمە کاتێك لە ژیانماندا کۆمەڵێك پرسیاری فەلسەفی بنەڕەتی دەخەینە بەرباس لەکوێوە هاتووین؟ هاتنم بۆچی بوو؟ مەبەست و ئامانجی ژیان چییە؟ دروست و نادروست لەڕووی ئەخلاقیەوە ڕیشەی لە چیدایە؟ ئایا هەرگیز رەوایە یاسا ژێر پێ بخەین؟ ئایا مومکینە ژیانمان خەوێك زیاتر نەبێت؟ ئایا هزر و مێشك شتێکە و جەستە شتێکی دی؟ پێشکەوتنی زانست چۆنە؟ هونەر چییە ؟ و پرسیارگەلێکی لەمانە.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە فەلسەفە دەخوێنن ئەوە بە گرنگ دەزانن کە هەرکام لە ئێمە توێژینەوە لە بابەتگەلی لەمجۆرە بکەین. تەنانەت هەندێکیان دەڵێن ژیانێك تاقی نەکرابێتەوە شایەنی ژیانکردن نییە.

بە هەر جۆرێك تەنانەت ئەگەر لە سەلامەتی و تەواوی ئەو گریمانانەی کە پایەو بونیادی ژیانی مرۆڤن گەر بە شێوەیەکی جیدی دوو دڵی نەکەین، چ بگا بەوەی کە سودوەرگرتن لە هێزی بیرکردنەوەکان، ژیانیان بێ مانایەو بێ بەرهەمە. زۆرێك لە خەڵکی کە لەنێوان خستنەڕووی ئەم پرسیارە بنەڕەتیانەدا لەگەڵ بوونی خۆیاندا یان بە ئەرکێکی زۆری دەزانن یان بە ژاوەژاوکەریان هەست پێدەکەن. ئای کە ئەوانە بە دەمارگیریەکانی خۆیان دڵیان خۆشە و ڕازین، بەڵام کەسانی دیکە هەن کە شوعلەی شەوق و تاسەی سوتێنەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە فەلسەفیە تاقەت سوتێنەرانە لە بوونیاندا تاو دەسێنێت.

سەرچاوە:

الفبای فەلسەفە، نایجل وابرتون، ت: مسعود علیا، ص ١٥-١٦.

# تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە

پێناسە گەلێکی زۆر بۆ فەلسەفە کراوە. هەندێجار بە هەوڵ و کۆششێکی تیۆری و عەقڵی لە بارەی دیگای گشتی بۆ هەموو جیهانی واقیعی پێناسەکراوە و ناسێنراوە و هەندێجار لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە لە بارەی پێش گریمانەی حەوزە و بوارە مەعریفەیە جۆراوجۆرەکان و هەندێکجاریش هەوڵی وەسفکردن و باسکردن لە واقیعییەتەکان. هەندێجاریش بە هەڵسەنگاندنی هەموو شتە واقیعیە ئەزموونییەکان پێناسەیان کردووە. فەلسەفە بە هەر مانایەك بێت خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیە کە لێرەدا ئاماژە بۆ گرنگترینیان دەکەین:

١- فەلسەفە خوێندنەوەی واقیعیەتە، بەڵام نەك ئەو لایەنەی لە واقیعیەت کە پێشتر زانستە جۆراوجۆرەکان پێوەی خەریکبوون. پرسیار گەلێك کە نە ئەزموونین و نە ماتماتیك، دەخرێنە ئەستۆی فەلسەفە.

٢- تایبەتمەندی دیکەی فەلسەفە، شیکردنەوە و روونکردنەوەیەك کاری فەلسەفە شیکردنەوەی چەمکە جۆراوجۆرەکانە کە لە

بیرکردنەوەماندا ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەیە. ئەم پەیوەندی و لایەنگیرییەی فەیلەسوفان بەرەو تەرحکردنی ئەم پرسیارە رایان دەکێشێت کە مانای ووردی زاراوەکان و چەمکەکان چییە. بۆ نموونە ئێمە ڕۆژانە قسە لەبارەی هۆکارەکانەوە دەکەین، بەڵام هۆکار چییە؟ ئێمە شتەکان بە واقیعی و جوان دەبینین و دەزانین، بەڵام واقیعیەت و جوانی چین؟ هەرلەبەرئەمەیە کە فەیلەسوفان دڵ وابەستەییان بە چەمکەکان هەیە.

٣- تایبەتمەندی دیکەی شێوازی فەلسەفی، جەختکردنەوەیە لەسەر پێویستی رەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنی زیاتر. فەیلەسوف بە خوێندنەوەی رەخنەگرانەی وورد، هەوڵ دەدات تاکو ئاگایی و بیروباوەڕ لە بارەی جیهانەوە بە شێوەیەکی گشتی و جیهانی کاروبارە مرۆییەکان، هەڵبسەنگێنێت. واتە بەها و دڵنیایی ئەن بیروباوەڕانە دەردەخات و دەیانخاتە پێوەری ئەزموونە لۆژیکیەکان تاکو رادەی ژێرییان بزانرێت.

٤- هەندێك لە فەیلەسوفان وەزیفەی فەلسەفەیان بە ڕێکخستن شتە بەشیەکان زانیوە، واتە روونکردنەوەی گونجاوی و هاوسازگاری ئەندێشە و مەعریفەی مرۆیی، هاوپەیوەندی دروستکردنی ئەندێشەکان و ڕێکخستنیان لە گشتێکدا. فەیلەسوف بە هەڵسەنگاندنی مەعریفەت، دیدگا و روانین و بیروباوەڕەکانمان و پاشان بە ڕێکخستنیان و گۆڕینیان بۆ گشتێکی گونجاو، لە سەنگەری ئەوەدایە لە چییەتی جیهان و مرۆڤ دەرکێکی قوڵتری بە دەست بهێنێت.

٥-فەلسەفە بە مانایەك توێژینەوەی کرداری ئاراستەکراو و ڕێنموونییە، فەلسەفە خەریکی چۆنییەتی ئەو ئاراستەکردنەیە کە ئێمە هەمووومان لە بانگەشەی خۆمان دەستی دەخەین. فەیلەسوفان هەمیشە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت بیروباوەڕەکان لەسەر بەڵگە بینا بووبن، نەك لەسەر لایەنگیری تاکەکەسی یان ددانپێدانانی گشتی. تەنانەت ئەو کەسانەش کە باوەڕیان وایە پێویست ناکات بۆ هەندێ بیروباوەڕ بەڵگە بهێنینەوە، دەبێت بۆ ئەم بۆچوونەی خۆمان بەڵگە بهێنینەوە. دژەکانیش دەبێت بۆ ئەو دژبوونەی خۆیان بەڵگەی خۆیان بخەنە روو. لەبەرئەوە لە هەلومەرجی نموونەییدا خودی هەرکەسێك دیدگاکانی لەسەر مەبنای بیرکردنەوەی ددانپێدانراو و بەهێز بینا بکات و بیروباوەڕێك پەسەند دەکات کە لەسەر بەڵگەی وردتر بونیاد نرا بێت.

٦- تایبەتمەندییەکی دیکەی فەلسەفە کە هەندێك کەس بۆ پێکهاتەیان ڕۆڵی دانانی فەلسەفە قایلن. فەلسەفە لەم روەوە لەکاری خۆیدا هەوڵدەدات تاکو دیدگایەکی گشتگیر و سەرتاپا بونیاد بنێت. لەسەدەی نۆزدەیەمدا و سەرەتای سەدەی بیستەم فەیلەسوفانی ئایدیالیست، شێوەی پێکهاتەی خۆیان بە شێوەیەکی ڕۆچوانە بەکاردەهێنن. ئەمانە چەند بنەما و بنەڕەتێکی دیاریکراو و سنووردارایان بە یەقینی و بەڵگەنەویست دەزانی و دادەنا و پاشان لەوە کۆمەڵێك سیستەمی زۆر قوڵ و دژیەکیان بەرهەم دەهێنا. فەیلەسوفانی شیکاری ڕۆچوو، وەلآمدانەوە و کاردانەوەی ئەم شێوەیە تاکو ماوەیەکی زۆردانیان

بەمەدا نەدەنا. بەڵام دەتوانرێت لەبارەی ئەم رۆڵەی فەلسەفە دەربڕینی واقیع بینانەتر و هاوسەنگترمان هەبێت. هاوڕای ئەم جۆرە دەبڕین و بۆچوونە دەتوانرێت کۆمەڵە دەرەنجامێك کە بە تاکی لە بەڵگەگەلی فراوانی پەیوەست بەدەست دەهێنرێن، لە دوو توێی دیدگایەك یان بۆچوونێك کۆ بکرێنەوە.

٦-ئامانج لە فەلسەفە گەیشتنە بە حەقیقەت نەك بەرگریکردن لێی. لەبەرئەوە تایبەتمەندی دیکەی فەلسەفە ئازادی عەقڵانیانەیە. فەیلەسوف لە پەیماندان و دڵ وابەستەیی پێشین و لایەنگیری پێش سەلماندن، ئازاد و بێ کۆت و بەندە و بە تەواوی لەگەڵ بەهرەگیری لە رێگە و شێوازی عەقڵی و لۆژیکی بۆ بۆ خوێندنەوەی جیهان و...هتد لە شوێنی سەربەخۆدا کار دەکات و خەریك دەبێت.

سەرچاوە: باشگاه اندیشه، نشریه ایین حکمت، ولی عباسی، ١٣٨٨.

# تێڕامانی فەلسەفی
# پێویستی تێڕامان و تەرحکردنی پرسیارە فەلسەفییەکان

فەیلەسوفانی کۆنی یۆنان لە جیهانی دەوروبەری خۆیاندا سەیری گۆڕانکارییەکانیان دەکرد – گۆڕانی وەرزەکان، لە دایکبوون و گەشە و مەرگ بوونەوەرانی زیندوو، بە هەڵم بوونی ئاو لە کاتی گەرمادا و گەڕانەوە بۆ هەوا – بەم پرسیارانە دەجوولآن بەوەی کە دەبێت لەبارەی ئەم گۆڕانکارییانەوە قسە بکەن و هۆکاری ئەم گۆڕانکاری و کارانە چۆن روون بکەنەوە. لە ئەفسانە کۆنەکاندا هەر بەمە وازدەهێنن کە بڵێن ئیرادەی لە خۆ و ئارەزووی هەندێك بوونەوەری شێوە مرۆڤ و پایەند نەبوو بە یاسا و رێسا گشتییەکانی سروشت لەمکارەدا کاریگەری هەیە.(واتە یەزدانی ئەفسانەیی).

فەیلەسوفان لە سەردەمی (سوکرات) بەدواوە، پرسیار گەلێکیان تەرح کردوە لەوانە: "راستی چییە؟"، یان "جوانی چییە؟" وە بە رووکەشیش هەمیشە لەسەر پایەی ئەم گریمانەیەی کە هەریەك لەم زاراوانە نوێنەری شتێکن، واتە شتێك رەنگە نەبینراو و ئەبستراکت. بەلاّم بە هەرحالّ خاوەنی بوونێکی پەیوەست بە خودی خۆی و سەربەخۆ لەوەی کە چۆن بەکاربهێنرێت. دەلّێی فەیلەسوفان دەیانویست بەرەو پشتەوەی بابەتەکە یان ئەودیوی زمان برۆن و بە حەقیقەتێکی تا زمانی بگەن کە لە پشتی زاراوەکانەوە وەستاوە.

یەکێك لە پرسیارە بنەڕەتیەکان و رەنگە بنەڕەتیترن و بنەمایترین پرسیار لە فەلسەفەی زماندا ئەمە بێت کە: (زمان چۆن لەگەلّ واقیعیەتدا پەیوەست دەبێت؟)، پرسیاری بنەڕەتی لەم قوتابخانەیەدا ئەمەیە کە: (ئێمە چۆن لەو دەنگانەی کە لە دەممانەوە دێنە دەرەوە، یاخود لەو هێما و نیشانانەی کە لەسەر کاغەز وێنەیان دەکێشین، بەو هەموو تایبەتمەندیە ماناناسیانە دەگەین کە دەیاندەینە پالّ ئەو وێنە و نیشانانە؟).

زیاد لە چوار سەدە پێش ئێستا (دیکارت) پرسیارێکی بنەڕەتی لە فەلسەفەدا تەرحکرد و پرسی: (مەعریفەت یان ناسین چییە؟ وە چۆن دێتەدی؟) لە ماوەی نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد سالّی رابردوو لە (دیکارت)ەوە تاکوئێستا، پرسیاری سەنتەری ئەمەیە، بە ناچار بە پرسیارێکی بونیادی دیکە دەگەین کە ئەویش ئەمەیە: (لە بنەڕەتدا هزر و

زەینی ئێمە چۆن جیهان وێنا دەکات؟ پرسیاری "مانا" چییە؟ لە پێشتر و پێش ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: "مەعریفە" چییە؟ کەوتووە.

مانای مانا چییە؟ (هایدگەر) بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: ئێمە لە قەڵەمڕەوی باسی لۆژیکیدا ئەم پرسیارە تەرح ناکەین، بەڵام لە دەرەوەی ئەم قەڵەمڕەوە ئەم خاڵە بە شێوەیەکی جیدی تەرح دەکرێت. ئێمە دەبێت پێش خەریکبوون بە مانای هەر بوونێک و شتێک کە بوونی هەیە، جۆرێک دەرکی قەلبی و ناوەکی هاوڕا لەگەڵ پێش ئەزموونێک لە مانا لەسەرماندا بوونی هەبێت، (هایدگەر) دواتر ئەم خاڵەی بە شێوەی دەرکە پێشینەکان لە بوون لە " بوون و کات"دا تەرحکرد.

پرسیار ئەوەیە شت چییە؟ مانای بوون چییە؟ بوون چییە؟ کات چییە؟ دەتوانین چ دەرکێکمان لێی هەبێت؟ چی چییە؟ واقیعیت یان حەقیقەت؟ چییەتی بوون و بوونی چییەتی؟ چۆن ئێمە لەگەڵ واقیعیەتدا پەیوەندی دروست بکەین؟ چییەتی مانا چییە؟ چ شتێک بۆ حاڵی من چاکە کە بیزانم؟ (نیچە)، پەیوەندی زمان بە جیهانەوە چییە؟ لە بنەڕەتدا رەفتاری زارەکی چۆن رەفتارێکە؟ زۆرێک لە حەکیمەکانی ئەخلاق، بەم پرسیارە دەچنە ناو بابەت و زانستی ئەخلاقەوە کە : " چ شتێک بۆ من ئەرکە؟ یان ئەرکی ئەخلاقی من چییە؟)، بەڵام (ئەرستۆ) لە پرسیارێکی گشتگیرترەوە دەست پێدەکات و دەپرسێت: واتای چاک ژیان بۆ مرۆڤ چییە؟ ئەم پرسیارە بواری ئەوەی پێدەدات کە لێکۆڵینەوە لەو زەمینانە بکات کە ئێمە هەمیشە لە تەنیشت کاروبارەکانی تری ژیانی

مرۆڤ و بە بۆنەی ئەو کاروبارانەوە پەیوەندی و پەیوەستیەك لە نێوان ئەو کاروبارانەو حەوزەی ئەخلاق ببینین. وەك: خۆشەویستی کەسەکان، دۆستایەتی و ...هتد. هەڵبەتە (ئەرستۆ) پرسیارگەلێکی جوان لە بارەی پەیوەندی بەرامبەر و لە نێوانی ئەم زەمینانەدا لەگەڵ دەخاتە روو تاکو بزانێت چۆن دەبێت و دەکرێت بەم توخمانە ژیانی چاك بینا بکرێت.

هەموو شتێك وەك شتێکە، خودی ئەم شتە وەکو چییە؟ (یی.ئم. فارستەر). چۆن و بۆچی بە مەرگ دەگەین؟ ئومێدەوارین بزانین کە بۆچی و چۆن لە حاڵەتی گەیشتن بە مەرگین؟ مەبەستەکانی ژیان چین؟ مانای ژیان چییە؟ ئایا بۆ هەموو شتەکان مەبەست و ئامانج بوونی هەیە؟ شوێنی عەقڵ و ئەندیشە لە کوێدایە؟ ئایا دەبێت بە دوی خۆشبەختیەوە بین، یان یارمەتی پێشخستنی بەرامبەر و یەکسانی کۆمەڵایەتی یان عەدالەت یان مەعریفەت بدەین، هەرچەندە ئەم کاروبارانە بە خۆشبەختی کۆتاییان نەیەت؟

هەمومان خوازیاری رۆیشتنین بۆ بەهەشت، بەڵام هیچکام لە ئێمە نامانەوێت لە مەرگ بپەڕینەوە؟ ئامانجی بوونی مرۆڤ و بوونەوەران چییە؟

زانست چییە؟ بۆ نموونە: زانست بە باوەڕی ئەفلاتۆن بریتیە لە دانایی حەقیقی و مەعریفەتی بێ خەوشە و مرۆڤ ئەم داناییە تەنها کاتێك بە دەست دەهێنێت کە بتوانێت زانینی خۆی بە بەڵگەی لۆژیکی و عەقڵی

بیسەلمێنێت و ئەگەر ئەمەش نەتوانێت ئەنجام بدات و لە ژێرئەم کارەدا دەرنەچێت جارێکی دی مومکینە باوەڕە بە بەهێزترین ئیمان هەبێت بەو پێیەی کە "دەیزانێت"، تەنانەت مومکینە زانین و زانیاری لەبارەی حەقیقەتەوە راست بێت، بەلام لەبەرئەوەی دلنیایی ئەم زانینەی پشتی بە بەلگەی لۆژیکی نەبەستووە، ئەوا ئەو زانستەی کە بەمجۆرەیە ناوێکی نییە و فەیلەسوف نییە.

زەین و هزر چین؟ دیاردەکانی چین؟ چییەتی هزر چییە؟ چ شتێك پایەی زەین پێکدەهێنێت؟ ئایا هەست بنەمای لە خۆوەی زەینە؟ ئایا خود ئاگایی دەربڕی ئەو چییەتیەیە؟ لەمکاتەدا ناخودئاگایی چییە؟ ئایا زەین حەقیقەتێکە و ئاگایی بەشێکە لێی؟ ماهیەتی زەین و دیار و شتانی دەرەکی چییە؟ پێکهاتەی زەین چییە؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بلێین، کاتێك پرسیارێکی لەپێشتر بوونی هەبێت، ئیدی تەنانەت هەلوەشاندنەوە پرسیار و وەلامی نییە، بەلکو پرسیار خودی وەلامە. سەرەتا لە خۆمان دەپرسین: چ جۆرە پرسیار گەلێك وەلامیان هەیە؟

-پرسیارە ئەزموونییەکان، واتە ئەو پرسارانەی پەیوەستن بەوەی کە لە دونیادا چ شتێك هەیە، یاخود ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستن بە

کاروباروە دیارەکانەوە یان زانست سەروکاری لەگەڵیاندا هەیە. واتە، پرسیار لەبارەی جیهانەوە.

-پرسیارە وێنییەکان، واتە ئەو پرسیارانەی کە ماتماتیك زان یان لۆژیکزان تەرحیان دەکات، لەوێدا کۆمەڵێك رێسا و یاسا قبوڵ دەکەین کە یارمەتیمان دەدەن لە پێشەکیەکانەوە بە دەرەنجام و ئەنجام بگەین. ئەم پرسارانە هیچ جۆرە زانیاریەك لە بارەی جیهانەوە بە ئێمە نابەخشن. لە نێوان ئەم دوو دەستە گەوەری پرسیاردا کۆمەڵێك پرسیاری دیکە هەیە کە ناچنە نێو چوار چێوەی هیچ کام لەم دوو دەستەوە و ناتوانرێت وەلاَمیان بدەینەوە بە یەکێك لەو رێگایانەی سەرەوە، پرسیار گەلێك لەم روەوە هەن لەوانە پرسیارە فەلسەفیەکان.

لە پرسیارە فەلسەفیەکاندا نازانیت لە چ رێگەیەکەوە بە دوای وەلاَمدا برۆیت، فەلسەفە لەو جێگەوە دەست پێدەکات کە پرسیاری قورس وسەختت هەبییێت بە بێ دەرکێکی روون لەوەی کە چۆن بەرو گەڕان بەدوای وەلاَمدا برۆیت.

فەلسەفە دەتوانێت بە دوی رۆشنکردنەوەی هەر چەمکێك یان شیکارییەکی هەر چالاکیەك بێت. مەبەستی (ڤیتگنشتاین) یش هەر ئەمە بوو کە سوور بوو لەسەر ئەوەی فەلسەفە چالاکیە، نەك کۆمەڵە تیۆریا و

فێرکارییەک. کۆمەڵە کێشە و روانینێک بوونیان هەیە لەم بابەتەدا وەک: چی دەکەین؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ دەبێت چی بکەین؟ لە کوێوە دەست پێدەکەین؟ لە ئەندێشە و عیشق، یان ئیرادە؟

سەرچاوە:

مردان اندیشه – نشر طرح نو. هایدگر و پرسشهای بنیادین – بابک احمدی – نشر مرکز. خداوندان اندیشەی سیاسی – نشر امیر کبیر.

# فەلسەفەی پۆست مۆدێرن

فەلسەفەی پۆست مۆدێرن کە بەرهەمی پێشەوایانی قوتابخانەی پۆست مۆدێرنە، پەیوەستە بە کۆمەڵێکی ئاڵۆز کاردانەوەی پەیوەست بە فەلسەفەی مۆدێرن و پێشگریمانەکانییەوەیە و لەو روەوە سەرچاوەی گرتووە، بە بێ ئەوەی کە لە بنەمای بیروباوەڕە بنەڕەتیەکان کەمترین هاوڕایی بوونی هەبێت.

فەلسەفەی پۆست مۆدێرن لە بنەڕەتدا لەبارەی ئەو دژیەکی و بەرامبەرکێیەی لەگەڵ پێکهاتەگەری جێگەی بیروباوەڕی هاوبەشی فەیلەسوفانی دیاری سەدەی شانزە و حەڤدە و هەژدەی زاینی دەدوێت و ئەمانەش بەو پێشگریمانانە دەزانێت کەبە شتانی رەد کراوە بزانرێن و بخرێنەلاوە، ئەم فەلسەفەیە بە توندی لە ژێر کاریگەری "دیاردەناسی، پێکهاتەگەرایی و بوونگەرایی" و هەروەها بیرۆکە و هزر و بەرهەم و نووسینەکانی (گئورگ ویلهەم فریدریش هیگڵ، سۆرن کیرکەگارد، فریدریش نیچە و مارتین هایدگەر). فەلسەفەی پۆست مۆدێرن بە زۆری بە

گومانەوە لە بەرامبەر ئەو شتانەی دوالیزمەی سادەن خەریك دەبێت. "پۆست" بە مانای، دواتر، ئەودیو، پاش و پێشە و پۆست مۆدێرن بە مانای سەروو نوێگەری، سەروو نوێ بوونەوە و پاش نوێگەرییە. زاراوەی پۆست مۆدێرن (postmodern)، پۆست مۆدێزنیزم (post modernism) و پۆست مۆدێرنە (post modernity) جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکدا نییە.

زاراوەی پۆست پۆست مۆدێرنە یەکەمین جار لەساڵی (١٩٣٩)ی زاینی لە لایەن "ئارنۆلد توینبی"یەوە بەکار هات. پاشان لە ناوەڕاستی سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی پۆست مۆدێرنە لە وولاتی فەرەنسا ڕێکخرا و دانرا. لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکەڵە گەلێکی زۆر لە زەمینە و سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەمجار و شێوە و چۆنییەتی ئەم فەلسەفەیە بوونی هەیە. ئەم زاراوەیە لە دەیەکانی (١٩٦٠)دا لە "نیۆریۆرك" لە لایەن هەندێك لە هونەرمەندان و ڕەخنەگرانەوە بەکارهات، پاشان هەندێك لە تیۆرداڕێژەرانی ئەوروپی لە دەیەکانی (١٩٧٠)دا ئەم زاراوەیان بە شێوەیەکی فراوان بەکار هێنا.

"جۆن فەرانسۆ لیوتار" کە یەکێکە لە تیۆرداڕێژەرانی ئەوروپی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا لە ژێر ناونیشانی مەرجەکانی پۆست مۆدێرن (the post modern condition) هێرشی کردە سەر ئەفسانە بەیاساییەکان و گشتیەکان لە سەردەمی نوێدا، وەکو ئایدیای ئایدیای "ریوایەتی گەورە". هەروەها "زانست" و "فەلسەفە"ی لە

زامنکردنی ئازادییە مرۆییەکاندا بە ناتەواو زانی، هەروەها باوەڕی وابوو زانست و فەلسەفەیەکی لەمجۆرە لە دروستکردنی یەکێتیەك لە فێرکردن و دەربڕینی بنەما زانستیە ددانپێدانراوە، گشتی و جیهانییەکان پێنەگەیشتوون. ئەو خاڵەی (لیوتار) ئاماژەی پێکرد، تەنها بەشێك لە تایبەتمەندی و سیفەت و بنەماکانی پۆست مۆدێرنیزمە.

فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیزم لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی (١٩٧٠)ی زایینی لە وولاتەکانی وەکو "ئەمریکا" و بە تایبەت "فەرەنسا" و کاریگەرە بە بەرهەمەکانی نووسەرانی وەکو (سامۆئیل بیکت، مارسیل پرۆست، جەیمز جۆیس) فراوان بوو. پێش ئەمەش ماوەیەك پێش ئەوەی زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم بلاّوببێتەوە و فراوان بوو، زۆرێك لە چەمکەکان بوونیا هەبووە. لە فەلسەفەدا ئەم چەمکە لە شێوە دژەکەی خۆیدا "جۆن دیی" لەگەڵ "پۆزەتیڤیزم"، وەسفی نوێی بەکارهێنانی زانستی لە لایەن "تۆماس کۆهن" و جەختکردنەوەی (ڤیتگنشتاین) لەسەر چییەتی یاری زمان خرابوویەڕوو. لە ئەوروپادا زۆرێك لە نزیکیەکان لەگەڵ لێکچوونەکانی پۆست مۆدێرنیزم، بە روونی چوارچێوەی پاش پێکهاتەشکێنی خخرانەڕوو. گەرچی لە هێرشەکانی (هایدگەر) دژی مانەوە و هێشتنەوەی ئەندێشەکانی (دیکارتی – هۆسرەڵی) بەرهەم و نیشانەکانی بەرچاو دەکەون. چەمکی چەند رووپی و چەند لایەنی: پۆست مۆدێرنە وەکو زۆرێك لە زاراوەکان و دەستەواژەکانی تر دژواری ناجێگیربوون و بەرز و نزمییە لە ماناداا، واتە تیۆریایەکی سیستەماتیك،

لەگەڵ فەلسەفەیەکی گشتگیر و سەرتاپا بوونی نییە، بەڵکو پەیکەرێکی ئاڵۆز و تێکئالأو و جۆراوجۆریە لە ئەندێشەکان، دۆزینەوەکان، دیاریکردنەکان، ناسینەکان، تەفسیر و راڤەکان، تێگەیشتنەکان، بۆچوون و روانگەی جیاواز لە فەرهەنگی بەربلاو و باو و شێوە مەراسیم لە زۆری و فرەیی دیاردە پەیوەستەکان بەیەکەوەیە.

**پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانەکانی تر:**

لە راستیدا، پۆست مۆدێرنە روەو سکەی پلۆرالیزمە و پلۆرالیزمیش بنەما و بنەڕەتی بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرنەیە. پۆست مۆدێرنەکان هەموو توانای فیکری و فیزیکی خۆیان لە خزمەت بزوتنەوە فیمینیستی، هاورەگەزەکان، بزوتنەوەکانی لایەنگری ژینگە، بزوتنەوەی سەوزەکان و بزوتنەوەکانی لایەنگری ئاشتی و داماڵینی چەکی ناوەکی بەکارهێناوە. ئەمانە بە گشتی جوولە و بزاوتی خۆیان روەوە بزوتنەوە جیایی خوازەکان و دەستە و تاقمگەری برەو پێداوە.

پۆست مۆدێرنەکانی فەرەنسا ئەم جۆرە تێڕوانین بۆ جیهان وەکو کەشفکردن و دۆزینەوەیەکی بەرچاو و کلیلی بۆ ئازادی و خۆشبەختی لە دونیای نوێی پلورالیزمدا و "چەند خودایی" دەردەبڕن و دەخەنەڕوو.

پۆست مۆدێرنە روونکەرەوەی کەوتن یان گۆڕان و گۆڕینی توندی لە شێوەکانی مۆدێرنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیە کە لە

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە زۆربەی وولاتە پیشەسازییە رۆژئاواییەکان خاوەنی رووی زاڵ و بەهێز بوو.

بنەما و تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێرنە

پۆست مۆدێرنیزم بنەما و چوارچێوەی تایبەتی نییە. ئەم قوتابخانەیە، قوتابخانەیەکی دژە بنەمایە و لە چوارچێوە رادەکات. بەم حاڵەوە ئاماژە بە هەندێك لە توخم و تایبەتمەندییە ئەرێنی "ئیجابی" و نەرێنی" سەلبی" دەکەین.

١- فرەیی و دژبوون لەگەڵ هەر جۆرە تاکگەراییەك: جۆراوجۆری، فرەیی، پەرش و بڵاوبوونەوە لە بنەما سەرەکی و یەکەمینەکانی ئەم قوتابخانەیە. پۆست مۆدێرنەکان دژی هەر جۆرە سەنتەرگەرایی، توانا و هێزگەری و باوەڕبوون بە مەرجەعیەتن، واتە سەرنجدان لە حەقیقەتێکی سەنتەری بۆ ژیان رەد و نەفی دەکەنەوە و لەگەڵ فرەگەرایی و پلورالیزم هاوڕان.

٢- رێژەگەرایی: ئەو کەسانەی باوەڕیان بەم قوتابخانە هەیە، قایل بە هیچ حەقیقەتێکی رەها و جێگیر نین و هەموو شتێك بە حەقیقەتێکی رێژەیی دەزانن.

٣- پوچگەرایی "نهیلیزم": هەوڵدانی کۆمەڵگەی سوننەتی بە زۆری لەسەر بنەمای تیۆریای "مەشیەتی ئیلاهی" دامەزرا بوو و لەبەرئەوە ئەم تیۆریایە، هەموو جیهانی بوون بە چاودێری و ڕێنمونی خودا لە حاڵەتی جووڵە و بەرەو پێشچووندایە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو. بەڵام لە قوتابخانەی مۆدێرینزمدا لە جیاتی ویستی خودایی، جێنشینە دونیاییەکەی، واتە بیرکردنەوەی پێشەوتنی ماددییان دانیشاند و بەرنامە گەلی عەقلانی و زانستیان لە جیاتی ویستی خودایی و فێرکارییەکانی "سروش" وەحی دانا. بەڵام پۆست مۆدێرنیزم لە راستیدا لە جیانی باوەڕبوون بە هێزی خودایی، هیچگەرایی و پوچگەرایی داناوە. بەم شێوەیە، بێ ئامانجی، نەبوونی مەبەست، بەشداربوون لە ناڕێکی و خواروخێچی، لەتبوون، نزمبوونەوە، نەبوونی سەنتەر و چەق، بیرکردنەوەی پووچگەرایانە، یاری و سەرگەرمی پۆست مۆدێرنەکانە. ئەوانە بە بێ مەرج و کۆت و بەندێك و بێ گوێنەدان - بە دەستەواژەی خۆیان - دووركەوتنەوە لە دونیای ترسناکی مۆدێرن و گوشاری یاسا ووشکە فەرمیەکانی دەزانن. جەختکردنەوە لەسەر زمان و گوتار: پۆست مۆدێرنیزم هەموو مەعریفەتەکان بە بەرهەمی گوتار دەزانێت. گوتار یەکێك لەو باسانەی کە لە دەیەکانی کۆتاییدا بوویە جێگەی

تیۆردارێژەرانی جیاواز، بە تایبەت پۆست مۆدێرنەکان. لەسەر بنەمای تیۆریای گوتار، ناتوانرێ حەقیقەت لە مەعریفەیەك و فەرهەنگێکی تایبەتدا سنووردار بکرێت. رەگ و ریشەی ئەم ئەندێشەیە لە هەمان نیگا و روانینی فرەیی "پلورالیستی" و رێژەگەراییە بۆ هەموو مەعریفەکان. هەر بەو جۆرەی کە وترا ئەم دوو گوتەزایە، بنەما و بنەڕەتی بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرنیزم.

**سەرچاوە:**

**ئەنتەرنێت، "پۆست مۆدێرنە" ویکیپیدیای فارسی.**

# پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەبیات

فەلسەفە خۆی لە خۆیدا یەکێك لە لقەکانی ئەدەبیات نییە، هەروەها چۆنییەتی و گرنگیەکەی لە دەرەوەی بەها ئەدەبی و هونەرییەکان پایەرێژی دەکرێت. ئەگەر فەیلەسوفێکیش چاك بنوسێت، ئەمە ئیمتیازێکی زیادەیە و کۆششێکی زیاتر بۆ خوێندنەوەی دەهێنێتەبوون، بەڵام نایکاتە فەیلەسوفێکی باشتر.

هەندێك لە فەیلەسوفە گەورەکانی وەکو (ئەفلاتۆن، ئۆگۆستینۆس قەدیس، شوپنهاوەر و نیچە) بە ناونیشانی نووسەرانی گەورە دەتوانین ناویان بەرین. هەڵبەتە، فەیلەسوفانی دیکەی گەورەمان هەیە کە نووسەرانی خراپ بوون، وەکو (کانت و ئەرستۆ). لێرەدا هەوڵدەدرێت باس لە پەیوەندی نێوان هەندێك لە لایەنەکان هاوبەشەکانی نێوان فەلسەفە و ئەدەبیات بکرێت.

فەلسەفە، ئامانجی روونکردنەوە و لێکدانەوەیە، بابەتگەلی زۆر دژوار و زۆر هونەری تەرح دەکات و دەخاتە روو و بەدوای شیکارکردنیانەوەیە و نووسینیش دەبێت شوێنکەوتەی ئەم ئامانجە بێت.

دەکرێت فەلسەفەی خراپ لە بنەڕەتدا فەلسەفە نەبێت، لە کاتێکدا هونەری خراپ جارێکی تر هەر هونەرە. بە جۆری جیاواز لە گوناهەکانی ئەدەب خۆش دەبین، بەڵام گوناهەکانی فەلسەفە نابەخشین. خەڵکانی زۆر ئەدەبیات دەخوێننەوە، بەڵام فەلسەفە کۆمەڵێکی کەم دەیخوێننەوە. هونەرمەندانی جیدی خۆیان رەخنەگری خۆیانن و زۆرجار بۆ گوێگرانیان بە ناونیشانی" کارناس" کار ناکەن، چەنکە هونەر چێژ وخۆشیە بۆ ئەمەش مەبەست و هۆکاری دڵگیری بێشومار بوونیان هەیە. ئەدەبیات لە ئاستی جۆراوجۆر و جیاواز و شێوەی جۆراوجۆر سەرنجمان رادەکێشێت. پڕ لە شتی سەرسوڕهێنەر و جادو و رازئامێزی و حیرەت زیادکەری گشتیە. ئەدەبیات سەرگەم دەکات و زۆرێك لە کارەکان دەکات، فەلسەفە کارێك زیاتر ناکات.

رستەکان لە ئەدەبیاتدا پڕن لە دەقی پابەندی و ئاماژە و شتی نادیار، لە کاتێکدا کە لە فەلسەفەدا رستەکان لە هەموو سەردەم و کاتێکدا یەك شت دەڵێن، نووسینی ئەدەبی هونەرە، لایەنی یەکێك لە بەشە هونەرییەکانە. مومکینە دەرنەکەوێت یان پڕ جیلوە و دەربکەوێت، بەڵام ئەگەر پەیوەست بێت بە ئەدەبیاتەوە، مەبەستی شیرینکاری تێدایە و زمان تیایدا جۆرێکە بە شێوەی پڕ ئاو وتین و تاو بەکاردەهێنرێن و بەشێکە لە خودی "بەرهەم"، ئیدی بەرهەمی درێژ یان کورت بێت. کەواتە هیچ شێوازێکی ئەدەبی تاك یان چ جۆرە شێواز و سەبکێکی ئەدەبی ئامانجداری بوونی نییە، هەرچەندە هەڵبەتە نووسەری باش هەیە

و نووسەری خراپ و هەروەها بیرمەندانی گەورە بوونیان هەیە وەکو (کیرکەگور)ی فەیلەسوفی دانیمارکی و(نیچە) کە بێگومان نووسەرانی گەورە بوون، فەیلەسوفانیش جیاوازن و هەندێکیان "ئەدەبی" ترن لەوانی تر.

جۆرێك شێواز و سەبکی فەلسەفی ئامانجدار هەیە کە جۆرێك سادەیی و بێ ئاڵۆزی تێدایە، شێوازێکی راست و رێك و ووشك و دوور لە خود پەسەندی، فەیلەسوف دەبێت هەوڵ بدات بە ووردی ئەوەی کە لە روانینیدایە، روونی بکاتەوە و لە قسەی زۆر و ئارایشت بێهودە خۆی بپارێزێت. هەڵبەت ئەمە لەگەڵ جوانی و وتنی خاڵ و ناچاری هەندێجار جیاوازی نییە. بەڵام کاتێك فەیلەسوف لە هێڵی یەکەمی سەنگەردایە، باس لەبارەی ئەو کێشەیە کە جێگەی مەبەستە، بە دەنگێکی سارد و ساف و دیاریکراو قسە دەکات. لە راستیدا جۆرێك شتی دڵ و ناخ بوونیان هەیە کە هاوڕای هەموو یاریچییەکان و رازئامێزییەکانی هونەر، تایبەتە بە ئەدەبیاتەوە و نووسەری ئەدەبیش بە ئەنقەست فەزایەك بۆ یاریکردنی خوێنەر دەهێڵێتەوە، لە کاتێکدا فەیلەسوف هیچ فەزایەك ناهێڵێتەوە.

هەر بەو جۆرەی کە ئاماژەی پێکرا ئامانجی فەلسەفە رۆشنکردنەوەو ئامانجی ئەدەبیات زۆربەی رازئامێزی و حیرەت زیادکردنە. ئامانجی فەلسەفە گەیشتن بە هیچ تەواوکارییەك لە رووی وێنە و فۆرمە لەبەرخاتری خودی ئەو شتە نییە. ئەدەبیات لەگەڵ کێشەی ئاڵۆز لە رووی وێنە یان فۆرمی هونەری دەست و پەنجە نەرم دەکات و لە هەوڵی دروستکردنی جۆرێك تەواوکاریە. فەلسەفە بەبەراود لەگەڵ

ئەدەبیات بە بۆچوونی بێ شێوە وفۆرم دەگات. لەفەلسەفەدا مەبەست ئەوەیە کە بابەتێك بەهێز وەربگرین و رەهای نەکەین و ئامادەبین لە کاتێکدا لە وێنەریزکردن و رێگاچارە جیاواز و جۆراجۆرەکاندا تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەین، دەبێت ئەوەی وتومانە جارێکی دیکە دووبارەی بکەینەوە.

لایەنی دیاریکراوی فەیلەسوف هەر ئەو توانای ماندوونەناسانەیە بۆ درێژەدانی بە باسێك لە بابەتێکدا، لە کاتێکدا ئەوەی کە زۆرجار هونەرمەند هاندەدات شەوق و حەز و تاسەیەتی بۆ گەڕان بە داوی شتی نوێدا. لە پێناسەی ئەدەبیاتدا، ئەدەبیات لقێکی هونەرە کە لەو ووتە و ووشە سوود وەردەگرێت. ئەدەبیات زۆر جۆراوجۆر و هەمەجۆرە و فراوانە و فەلسەفە زۆر بچوك. فەلسەفە کاریگەریەکی گەورەی هەبووە، بەڵام کۆمەڵێك فەیلەسوف کە ئەو کاریگەریەیان لەسەر بەجێماوە تارادەیەك کەم بوون، هۆکارەکەشی ئەوەیە فەلسەفە هێندە دژوارە.

ئەدەبیات بە مانایەك کار. ئەدەبیات شتێکە کە هەموومان لە خۆمانەوە هەنگاو بەرەو ئەو دونیایە هەڵدەگرین و لەبەرئەوە مومکینە لە شێوەی یاری و بە تایبەت جۆرە بێشومارەکانی یاری خاڵی لە بەرپرسیاریەتی بێتە بەرچاو. جۆرەکانی ئەدەب و شتە ئەدەبییەکان بۆ ئێمە زۆر تایبەتمەندی سروشتیان هەیە و زۆر لێمانەوە نزیکن وەکو بوونەوەری گشتگیر. ئەدەبیات تەنها داستان ناگریتەوە، بەڵام لە بەشێکی زۆریدا، داستان و داهێنان و پەردە و رۆڵی یاریکردن ورووکەش سازی و خەیاڵی پوخت و چیرۆك وتن تیایدا بوونیان هەیە. کاتێك بۆ

ماڵەوە دەگەڕێینەوە " ڕۆژەکەمان پێناسە دەکەین" ڕووداوەکان بە شیرینکاری و لە قاڵبی حیکایەتدا دەگێڕینەوە و شێوەی پێ دەبەخشین. هونەرمەندی ئەدەبێن و ئەدەبیات بەکاردەهێنین، هەمیشە بۆ جوانترکردن و شێوەبەخشن بە ئەزموونەکان کە ڕەنگە غەمهێنەر یان سستکەر و سستهێنەر یان ناهاوسەنگ و ناسازگار بن خەریکی بەکارهێنانی زمان دەبین. ئەوەی کە ئەم شێوە بەخشینە تاکو چ رادیەك لە حەقیقەت هەڵە دەکات، بابەتێکە کە هەر هونەرمەندێك دەبێت لەگەڵیدا رووبەڕوو ببێتەوە. یەکێك لە ئەنگێزە قوڵەکان بۆ دروستکردن و هێنانەدی ئەدەبیات یان هەر جۆرە هونەرێك حەزکردنە لە شکستدانی بێ شێوەیی جیهان و دڵشادبوون لە ڕێگەی وێنە جیاوازەکانەوە لە شتێکەوە وەگەر نا مومکینە ئامارێکی بێ مانا بێت.

فەلسەفە زۆر پیچەوانەی سروشتە، کارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و ناسروشتیە. هەر مامۆستایەکی فەلسەفە بە دڵنیاییەوە وا هەست دەکات. فەلسەفە خوەکانمان لە زەمینەی وێنە نیوە هونەری یان نیمچە چێژی ئێمەدا کە هەمیشە و زۆرجار پشتی پێ دەبەستین، تێکدەدات و بەیەکدادان دروست دەکات. (هیوم) دەڵێت: تەنانەت فەیلەسوفیش کاتێك لە کتێبخانەکەی دێتە دەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوپێشگریمانانەی کە خووی پێوە گرتوون. فەلسەفە هەوڵێکە لە جیهانی ئەندێشەدا بۆ دەرك و دەرهێنانی قوڵترین و گشتیترین وێنەکانمان. ناکرێت بە ئاسانی خەڵکی ڕازی بکەین تەنانەت بە رووکەشێك کە فەلسەفە کاری تێدا دەکات.

ئەدەبیات بۆ ئەوەی ئەدەبیات بێت، دەبێت هەستەکانمان بوروژێنێت، لە کاتێکدا فەیلەسوف وەکو زانا، کۆششێکی جێگیر

بەکاردەهێنێت تاکو پشت بەستن بە وروژاندن و جولانەکان لە کاری خۆیدا زیاد بکات. دەتوانرێت ناوی ئەدەبیات بە هونەرێکی رێکخەر بۆ جولاندن و وروژاندنی هەڵچوونەکان دابنێین.

لە چییەتی"ماهیت"ی هەستی هونەر بزاوندنی سۆز بوونی هەیە، هونەر سەروکاری لەگەڵ شتە بینراو وبیسترا وجەستەییەکاندا هەیە. ئەگەر هیچ شتێکی هەستی بوونی نەبێت، هونەریش بوونی نابێت. خودی ئەم واقیعیەتە بە تەنیایی لە چالاکیە " تیۆرییەکان" جیادەکاتەوە. بەشێکی گەورە لە هونەر و – رەنگە بەشێکی زۆر و رەنگە هەموو هونەریش بێت – بە مانای لەسەروو ئاسایی گشتی و لەگەڵ حەزی سۆز و جەستەدا پەیوەندی هەیە" ئەمەش مومکینە حوکمێکی میتافیزیکی بێت."

هونەر یاریەکی تەسك و ترسناکە لەگەڵ هێزە ناخودئاگایەکاندا. لە هونەر تەنانەت لە هونەری سادەش لەبەرئەوە چێژ وەردەگرین کە زۆر بە قوڵ و زۆرجار بە شێوەیەکی نەدۆزراوە ئارامش و ئارامییەکان بەیەکدادەدات، ئەمەش لەو زنجیرە هۆکارانەیە کە هونەر کاتێك چاکە، بۆ ئێمەش چاکە و کاتێك خراپە، بۆ حاڵیشمان خراپە.

**سەرچاوە:**

ئەنتەرنێت، کتێبی مردان اندیشە، انتشارات طرح نو، نوسینی: خانم ایریس مرداك.

# ئەفسانە و فەلسەفە[1]

دەتوانرێت پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئەفسانە و بۆ سێ بەش دابەش بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت: سەرەتا و یەکەم قۆناغ قۆناغی فەلسەفەی یۆنانە، کە فەیلەسوفەکان بە جۆرێك لە شێواز و جۆرەکانی فیکری ئەفسانەیی نزیك بوون کە بەرهەم و رەنگدانەوەی ئەفسانە بە شێوەیەکی دووبارە لە باسە فەلسەفیەکاندا دەردەکەوت، بەڵام مەبەستیان ڕەخنە و فەرامۆشکردن و لابردنی ئەو رێگە و شێوازانە بوو، پاشان لەسەردەمی نوێ دا لە قۆناغی فەیلەسوفی ئیتالی (ڤیکۆ) "١٦٦٨-١٧٤٤" دەستی پێکردووە و بەفەیلەسوفی فەرەنسی (کونت) "١٧٩٨ -١٨٥٧" کۆتایی دێت و لەم قۆناغەدا ئەفسانە بە ناونیشانی کلیلی ئەندێشەی نەتەوە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی گرنگ بەهەند وەردەگیرێت، پاش سەدەی نۆزدەهەم هەوڵە رێکخراوەکان بۆ

---

[1] - ن: ئەلسدر مەکئەنتایر، (فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەخلاق لە سەدەی بیستەمدا)

دامەزراندنی زانستێك بەناوی ئەفسانەناسی دروست دەبێت و هەوڵەکان لەم بوارەدا دەخرێنە گەڕ و سەرەنجام سەردەمی هاوچەرخ کە ئەفسانە دژی عەقلگەرایی رۆڵی خۆی دەنوێنێت. هەندێك واگومانیان برد کە لەم دابەشکردنەدا، قۆناغی مەسیحەیەت تاکو سەردەمی (ڤیکۆ) بەشێوەیەکی بەرچاو نادیدە گیراوە، بەلاّم وەلاّمی ئەم گومان و رەخنەیە ئەوەیە کە لەو قۆناغانەی کە باسکران، ئەفسانەکان بە ئەنقەست وەکو گوزارەی ئایینی درۆینەوە وەردەگیران کە لەگەڵ یەکتایی گوزارشی ئایینی راستەقینە و راست، واتە ئیلاهیاتی مەسیحی لە ململانێدا بوون و بەسەر یەکترەوە چاودێر بوون.

**فەلسەفەی یۆنان :**

ئەفسانەی یۆنان وەکو فەرهەنگەکانی دیکەی ناوچەکانی "رۆژهەلاّت" دەربارەی پەیدابونی جیهان یان جیهانزانی نزیکی هەمووئەو چیرۆکانە بوون. دۆزینەوەو داهێنانە گەورەکانی وەکو "دۆزینەوەی ئاگر" بونیادنانی شارەکان و بنەڕەت و ڕەگەز و نەژادی پادشاکان کە تیایاندا بۆنەو ئاهەنگەکانی خودا و مرۆڤەکان جێبەجێ دەکران، ڕاپەڕینە کۆمەلاّیەتیە ئەفسانەییەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا شایەنی دیاریکردن و ئاماژە پێدانن. لە سەردەمی (ئەمیل دورکیم) "١٩١٧ — ١٨٥٨"ز و (جین هریسن) "١٩٢٨ — ١٨٥٠" مرۆڤناسەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوەتەوە کە یەکێك لەبەکارهێنانەکانی ئەفسانە، ڕونکەرەوەی بۆنە و

ئایینە ڕونکەرەوەکان، ئاگایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ و گروپەکانە. لە کۆمەڵگەی یۆناندا، تەنانەت چەند ماوەیەکەی درێژ پاش ئەوەی باوەڕ بە خودا کەوتبوەگومانەوە، بۆنە و یادە گشتییەکان جێگەو دەرکەوتن و دەرخستنی ژیانی کۆمەڵگە بووە. فەلسەفەی یۆنان بە پلەپلە لە ئەفسانە جیا بویەوە، سیفەتە مرۆییەکان بە بوونەوەرانی نامرۆییانە یاخود مانا گشتیەکان یاخود بە پێچەوانەوە، خوداکان یان بوونەوەرە خەیاڵی و وەهمیەکان، وێناکردنی هێزەکان یان هۆکارەکانی زانین لە فەلسەفەی پێش (سوکرات)دا کاریان پێ دەکرا و ئیشیان لەسەر دەکرا. بەڵام لەهەمان کات و سەردەمدا کەسانی وەکو "کەسنۆفانس" بە ڕێگەی هزری و عەقڵی ڕەخنەیان لە ئەفسانە دەگرت و بە وێناو شێوەی مرۆڤ بە شێوازی خودا و لە شێوە و جۆری یەزدان و دانانی وێنە بۆ یەزدان ڕەخنەیان دەگرت.

١- هۆمیرۆس "Euhemerus": چەندین ئەفسانەی دەربارەی مرۆڤەکان دەزانی بە شێوەی داستان و چیرۆك پاش ماوەیەك گەیشتبوونە پلەی خودایی و (هراکتلیۆس) بەهۆی پشتبەستنی (هومر) و (هسیۆدۆس) بە ئەفسانە ڕەخنەیان لێ دەگرتن.

(ئەفلاتۆن) سودی وەردەگرت لە ئەفسانەکان و نمایشەکان بۆ مەبەستی جیاواز و جۆراو جۆر، (فروتیژە)، "لەسەدەی یانزەدا ژیاوە – نوسەرێکی یۆنانی بووە" جیاوازی دەکات لە نێوان ئەفسانە بەمانای

راستەقینە و راست و نواندندا و دەڵێت: توخمی چیرۆک لە نواندندا بوونی نییە. ئەم نووسەرە بە پێ ی ئەو مەبەستانەی کە لەنێوان ئەفسانەکاندا هەیە، ئەفسانەکان دەکات بەسێ بەشەوە ئەوانیش:

١- ئەفسانە وەکو نواندن.

٢- ئەفسانە لە پلەی ڕونکردنەوەی پەیدا بوون یاخود دروستبوون.

٣- ئەفسانە هەروەک بەشەکانی دیکەی ڕونکردنەوەی یارمەتیدانی بان زانستی."Parascientific explantion".

نمونەی ئەفسانەی نواندن قسەکانی "دیمەیمار" دەربارەی خوادی عیشق " شەهوانی" کە دیالۆگی میوانداری (ئەفلاتۆن)ە، نمونەی بەشی دووەم چیرۆکی پەیدابوونە لە دیالۆگ. "تیمائوس": نموونەی جۆری سێیەم یاخود بەشی سیەم ئەو باس و روونکردنەوانەن کە لە دیالۆگەکان و گفتۆگۆکانی کۆماری و "گورگیاس" و "ڤایدروس"دا هەن بە تایبەت ئەو بابەت و باسانەی دەربارەی ژیانی پاش مردن و پاداشت و فەزیلەت و سزادا هاتوون.

فرۆتیژ (Frutiger): سێ تایبەتمەندی بەرجەستە لە ئەفسانەکانی (ئەفلاتون)دا ڕووندەکاتەوەو باسیان دەکات. یەکێکیان سوود وەرگرتن لە شێوە و دەرکەوتەکان، یەکێکی دیکەیان ئازادی کردار لە باسکردن و گێڕانەوەدا و سێیەم نەبونی وردبینی وردی یاخود نادیاری. لەم تایبەتمەندیانەش تایبەتمەندی سێیەم زۆر گرنگە، (ئەفلاتۆن) هەر کاتێك بیەوێت سنووری پەیمانی فیکری و هزری عەقڵی خۆی بە نەزانراوی

بهێڵێتەوە، سود لە ئەفسانە وەردەگرێت. سود وەرگرتن لە ئەفسانەکان یارمەتیمان دەدات شێوە و ڕێگە فیکریە ئەفسانەکان چۆن پرسیارەکان سەبارەت بە راستگۆیی و درۆدەهێنێتە کایەوە وەکو بیرکردنەوە لە خودی شێوە و ئەو شێوازانە و توانای دورکەوتنەوە لێیان و دورمان دەخاتەوە لەو شێواز و ڕێگایانە، ئەم کارە بەشێك لە تایبەتمەندی کانی ئەفسانەکان ڕوون دەکاتەوە.

ئەو بابەتەی روونکراوەتەوە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان و بابەتەکانی تردا دواتر لە فەلسەفە و زانستدا جیاوازیان لەگەڵ یەکدا نییە. تەنها لایەنی جیاواز و جیا لە نێوان ئەفسانە لەگەڵ فەلسەفە و زانستدا ئەوەیە کە ئەفسانە یان زیندووە یان مردووە نەك ئەوەی ڕاست بێت یاخود درۆ، کەسێك ناتوانێت ئەفسانە بەدرۆ بخاتەوە چونکە هەر کاتێك حوکم بە بەتاڵکردنەوەی درا ئەوە لەڕاستیدا بەچاوی گریمانەیی سەیری کراوە.

ئەو کۆمەڵە ئەفسانەیەی کە بەناونیشانی گریمانەکان یاخود چیرۆکە مێژووییەکانی وەکو: سەبارەت بە دروستبوون و توانای کۆکردنەوەیان لەگەڵ یەکدا نەبوو و بەیەکەوە کۆنەبوونەتەوە و بەئاسانی لەگەڵ یەکتریدا لەیەك مەنزومەی ئەفسانە جێگەیان دەگرت. سازگاری و بەیەکەوە لکاندنی توخمە جیاوازەکان لە چیرۆکەکانی ئەفسانەیەکدا پلە بەپلە شێوە وەردەگرێت. وە ئەو شتانەی کە مرۆڤ ناسەکان لە گێڕانەوەیاندا چێژیان لێ وەردەگرن، بە هیچ جۆرێك لە بۆچوونی

گێڕەرەوەکانەوە ناژمێردرێن و گرنگیان پێ نادرێت. لەبەرئەوە ڕەنگە (ئەفلاتۆن) لە بەکەم زانینی ئەفسانە دا و بەئەنقەست ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ نەک تەنها لەگەڵ هەندێ ئیشکالیاتی فەلسەفی بەڵکو لەگەڵ سوننەتە دینییە پێچەوانەکانیش خۆی پاراستوە، ئەفسانە نەک تەنها لەگەڵ ئیلاهیاتدا، بەڵکو لەگەڵ گریمانە و مێژووش جیاوازی دەکات. زاڵبونی ئیلاهیات لە ئەندێشەی دینی پەیرەوان و شوێنکەوتوانی ئایینە نهێنی یەکانی دواتر و مەسیحەیەت و لەئەنجامدا تێڕوانینی کەلامی بۆ ئەفسانە بەهەمان ڕادە لەمەرگی ئەفسانەکان کاریگەر بوو وەک هەر جۆرە عەقلگەرایییەکی فەلسەفی فەرمانڕاواکانی پێش (سوکرات) و (ئەفلاتۆن).

**سەردەمی نوێ:**

یەکەمین باسی بەبایەخ و گرنگ دەربارەی ئەفسانەکان لەسەدەمی نوێدا لە کتێبی (ڤیکۆ) کە کتێبی "زانستی نوێ "یە دەبینرێت. بۆچوونی ئەو بەتایبەتی لە مێژودا سەبارەت بەوەیە کە هەرقۆناغێك یەکتایی ویەکیەتی و تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە و قۆناغە جیاوازەکان بەڕێکخستنی دیاریکراوبەدوای یەکدا دێن "شارستانییەت – تمدن" لە "سەردەمی خوداکان" دەست پێ دەکات کە مرۆڤەکان لەبازنەی خێزاندا دەژیان و سەنتەری ژیان، و ئایین و هاوسەرگیری و داپۆشینی مردوەکان بوو. بەدوای ئەودا " سەردەمی پاڵەوانەکان یاخود قارەمانەکان هات کە

بەحکومەتی گەورەکان یاخود ئەرستۆکراسی دەرکەوت و سەری هەلدا. تەنها پاش تێپەڕبونی ئەم قۆناغە بوو کە " سەردەمی مرۆڤەکان " یاخود حکومەتی دیموکراسی و گەلی خەلکی پەیدا بوو. لە قۆناغی سێ یەمدا، لێکۆلینەوەو توێژینەوەو باسە هزری و عەقلیەکان جێگای بەهێزیان پەیدا کرد، بەلام لەیەکەمین قۆناغەکاندا، حیکمەتی گشتی لە رێگەی شیعرو ئەفسانە روون دەکرایەوە.

(ڤیکۆ) لەسەر ئەم بیروبۆچوونە بوو کە بەم حالەوە لەو ساتەدا، تەنها بەیارمەتی ئەفسانەکانە ئێمە ئاگاداری دیانەت و ئەخلاق و یاسا و ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەلگە سەرەتاییەکان دەبین. چونکە ئەفسانە ڕونکەرەوەی شێواز وڕێگەی فیکروروحی هەر سەردەمێکە ناوانرێت بە چاوی چیرۆکێکی درۆزنانە یاخود نواندن سەیر بکرێت. باسی (ڤیکۆ) سەبارەت بە ئەفسانە بە قۆناغ و پلە نزیکە لە بۆچوونی مرۆڤناسە نوێیەکان تاکو بیروباوەڕی لێکجیانەبووی خودی خۆی. فەزای بیروباوەڕی دروست بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەری و باوەڕبوون بە پێشکەوتنی مرۆڤ و هێرشکردنی سەر خورافەکان، هەموو ئەم هۆکارانە بۆ وەرگرتنی بۆچوون و تێڕوانینەکانی کەسێکی وەکو (ڤیکۆ) یارمەتیدەر نەبوون.

بەلام کۆتایە ئەم گریمانەیە لەسەردەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پایەی دامەزراندنی زانستی ئەفسانەناسی دامەزراو بوە هۆی بەرپاکردنی لەسەر بلاوکردنەوەی فراوانی ئەفسانەکان و بۆچوون و ئەنگێزەی نوێ

"تێزی نوێ " بۆ بەکارهێنانی ڕێگاکانی جێ بەجێکردن هاتنە دی و پەیدابوون.

لە ساڵی (١٨٦٥)دا کتێبی (ماکس موللەر)، "ئەفسانەناسی پراکتیزەیی" بڵاوبوویەوە، نووسەر لەم کتێبەدا مەبەستی بوو بە پەیوەست بوون بە بنەمای زمان ناسی مێژویی، ڕاڤە و تەفسیری ئەفسانەکان بکات و دەڵێت: هەموو زامنە ئارياييەکان لە "سانسکرێت" ەوەدێن کە تیایدا هەندێ زاراوەبۆ ناولێنانی خۆر و باران و هەور و ئاسمان و سپێدە بونیان هەیە، بەڵام زمان وردە وردە نەخش کەوت و مانابنەڕەتیەکانی لەدەست دران و ئەوەی لە ڕونکردنەوەی هەڵهاتنی خۆر و دەرکەوتنی سپێدەو کۆتایی هاتن بە فەرمانڕەاوی شەو گوترا بوو وەکو ئەوانی دیکە و بەو ئەفسانەی دەربارەی قارەمانانی یەزدان لەگەڵ یەکتریدا و پوکانەوەی پاڵەوانان لە گەڕان بەدوای زێڕ و هاوشێوەی ئەمان گۆڕا.

لەبەرئەوە بەباوەڕی (مولەر) بۆتێگەیشتنی ئەفسانەکان دەبێت بۆ ڕەگ و ڕیشەو بنج و بنەوانی ناوەکان بگەڕێنەوە. لە لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤناسی ئەم سەردەمەی ئێمەبەو شێوەیە دێتە دی کە ئەفسانەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دژە دوو جەمسەریەکان لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەدا لەگەڵ یەك تێك دەئاڵێن و ئاشتی بەیەکدی دەبەخشن و بەرزدەبنەوە، لەبەرئەوە ڕۆڵ و کارکردنی ئەمەیە کە ئەوەی بێجگە لەو شێوەیە ناڵۆژکانە دێتە بەرچاو بە ساتە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی قبوڵ بکات.

**قوتابخانە دژەکانی عەقلگەرایی:**

(رۆژ سول) فەیلەسوفی فەرەنسی لە ساڵی (١٩٠٨) دا دەنوسێت: دەبێت ئەفسانەکان بە هۆکارێك بزانرێن بۆ کارکردن لەسەردەمی ئێستادا و جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو بیروباوەڕانەی کە دەربارەیان پێوەری ڕاست و هەڵە هەیە وە ئەو بیروباوەڕانەش کە بە پێی کاریگەری و کاریگەرنەبوونیان لە تایبەتمەندبونیان داوەری بکرێت. ئەفسانە لە بنەڕەتدا بیروباوەڕە دەربارەی ئایندە و هەڵقوڵاوی قوڵترین سەرهەڵدانە گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانە. ئەفسانەیەك کە (سورل) دەیویست وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوە پرۆژەی سندیکالیستی دەمارگیری گشتی بوو. سوریالیستەکانی دیکە بیروباوەڕیان سەبارەت بە ئاییندە بە سیفەتی پێشبینی ئاراستە دەکرد، بەڵام (سورل) دەیگوت : ئەم کارە پەیوەندی بەوەوە نییە "واتە بەو بابەتەوە نییە". وە تەنها پێشبینیکردن بەم جۆرە شایەنی سەرنج و تێڕوانینە. سەبارەت بە بیرەباوەڕەکان دەربارەی ئایندە پارادۆکسێکی درێژ بوونی هەیە، بۆ نموونە: کاتێك من دەست بە بڵاوکردنەوەی ئەفسانەیەك دەکەم، بانگی خەڵکی دەکەم کە باوەڕیان پێی هەبێت. خودی ئەم کارە ئەوە پیشان دەدات کە من دەمەوێت ئەو ئەفسانەیە بە ڕاست بزانن وە پێوەری ڕاستگۆیی و درۆ تیایدا شایەتی کارو کردار بێت. لەبەرئەوە ناتوانین لەم ئەنجامە دووربکەوینەوە کە هەرکەسێك چ جۆرە کارێك دەکات و چ جۆرێك دەجولێتەوە، تێکەڵی و جۆرێك دوو لایەنی لە بیرکردنەوەدا هەبوو. بەم

مانایە ئەفسانە لە هەندێك بارودۆخ و حاڵەتدا بەراست یاخود درۆ دێتە هەژمار، بەڵام لە هەندێك بارودۆخی دیکەدا تێکەڵ دەبێت و لەم کاتەدا نابێت بە پێوەری راست و درۆ داوەری بکەین.

پاش (سورل) ئەم جۆرە بیرکردنەوەو دوولایەنییە سیفەتی دروستکەرانی ئەفسانە و پێچەوانەی عەقلگەراییەکانیش بووە، ئەوان لەلایەکەوە دەیانویست بەسەر وەلامدانەوەی پرسیارە وورد و دژوارەکانی فەیلەسوفان و زاناکانی زانستی کۆمەڵناسی بازبدەن و لەلایەکی دیکەوە دژی جۆرێك راستگۆیی بن بۆ دەرکەوتنیان. بەم جۆرە دەگەینە جۆرێکی تایبەتی لە راستگۆیی یاخود چەند پێوانییەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە راستگۆیی و ناڕاستی یاخود درۆ کە نموونەی ئەمەش کتێبی ئەفسانەی سەدەی بیستەم (ئالفردرزنبرگ)ە کە دانەری تیۆری "نازیزم" لە حکومەتی (هیتلەر) دا، کە تێکەڵەیەکە لە دژە یەهودی و نەژادپەرستی و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی شێوەی هەموو بەشەکانی قوتابخانەکانی دژە عەقلگەرایی، فەرامۆشکردنی پێوەرەکانی عەقلانییەتە کە ئێمە لەبەرامبەر ترسناکترین تێکەڵ بوون و دوو لایەنییەکان بە هەڵچون و هەستی رووت پڕ چەك دەکات. زیندوکردنەوەی ئەفسانە، لەم جۆرە تێکەڵ بونانەدا خاوەنی شوێنی کلیلدارە و جۆرێك لە کلیل دەبێت.

**سەرچاوە:**

فصلنامە مدرسە " فرهنگی – فلسفی " شمارە سوم اردیبهشت ١٣٨٥ چاپ دووم.

# فەیلەسوف کێیە؟

فەیلەسوف کەسێکە کە خەریکی فەلسەفە و فەلسەفاندنە، واتە زانای فەلسەفەیە. مرۆڤەکانی رابردوو بە فەیلەسوفانیان دەوت حەکیم و دانا و مەبەستیان لەم ووشەیە ئەوەبوو کە حەکیم کەسێکە بەسەر زانیارییە جیاوازەکان لە زانستی پزیشکیەوە تاکوزانستی ماتمیک زاڵە و زانیاری هەیە لەمەڕ ئەم زانستانەو، لەگەڵ ئەوەشدا حیکمەت "فەلسەفە"ش کە بەمانای زانیاری و زانینی بارودۆخی بوونەوەران و دروستکراوەکانە، فێربووە.

(ڤیساگۆرس) یەکەمین کەسێکەکە خۆی بە فەیلەسوف واتە خۆشەویستی حیکمەت ناوناوە. چونکە لە بۆچوونی ئەودا، سیفەتی دانا"حکیم" تەنها بە خودای گەورەوە پەیوەستە. ئەو ژیانی بە گۆرەپانی پێشبڕکی دەچواندو دەیگوت: کەسانێک کەلەم مەیدانەدان و ئامادەییان هەیە، سێ تاقم و دەستەن:

یەکەم: کەسانێك بۆ بەشداریکردن لە یاریکردندا هاتوون و ئامادەبوون.

دووەم: کەسانێك کە بۆ کڕین و فرۆشتن بلیت هاتوون.

سێ یەم: ئەو کەسانەن کە بۆ سەیرکردن هاتوون.

لەمەیدانی ژیاندا سێ یەم دەستە فەیلەسوفانن، فەیلەسوفان لەسەروە سەیری جیهان دەکەن" هەروەك بینەران و تەماشاچیان."و سەبارەت بەو مەیدانە حوکم و بڕیار دەردەکەن.

**کاری فەیلەسوف چییە؟**

فەیلەسوف هەمیشە بە کێشەو و بابەت گەلێکەوە خۆی خەریك دەکات کە بۆ هەمووان جێگای گرنگی پێدانن. ئەو بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕاست هەوڵدەدات تاکو بیروباوەڕ و ناسینی ئێمە سەبارەت بە جیهان و مرۆڤ هەڵسەنگێنێت. هەروەها هەوڵدەدات وێنای گشتی و ڕێکخراو و لۆژیکی لەبارەی ئەوەی کە دەیزانین و ئەوەی کە بیری لێ دەکەینەوە پەیدا بکات و بیخاتە ڕوو.

کەسی ئاسایی لە دوو توێ ی لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفو ئەو تێڕوانینەی کە بۆ تەرحکردنی شتەکان بە گشتی فەراهەمی کردوون، دەتوانێت وێناو ڕوانینی خۆی لەبارەی جیهان و کاروباری مرۆیی گونجاو لەگەڵ ئەو تەرحە گشتییەدا چاك بکات و کردار و ڕەفتاری خۆی لەگەڵیدا هەڵسەنگێنێت. لەهەمان سەرەتای دەستپێکردن و پەیدابوونی فەلسەفە، بیروباوەڕی ئەو بیرمەندانەی کەبەم جۆرە لێکۆڵینەوە سەرگەم بوون، ئەوە بووە کە ئەو تیۆرانەی لەبارەی خۆمان و جیهانەوە قبوڵ دەکەین،

دەبێت زیاتر لێیان ووردببینەوە تاکو سەیربکەین‌و بزانین ئایا لە ڕووی عەقڵیەوەجێگای قبوڵن یاخود جێگای قبوڵکردن نین.

هەمووما‌ن بیروباوەڕو چەند زانیاریەکمان سەبارەت بە جیهان و مرۆڤ بەدەستهێناوە، بەڵام تەنها هەندێکمان بیرمان کردۆتەوەو تێڕامایوین کە ئایا ئەم زانیاری وبیروباوەڕانە شایەنی ئەوەن پشتان پێ ببەستین یاخود شایەنی ئەوەنین. فەیلەسوف سورە لەسەر ئەوەی کە هەموو ئەم شتانە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوتێڕامانی وردەوەتاکوبۆی دەربکەوێت کەئایا ئەم تیۆرو بیروباوەڕانە لەسەر بەڵگەو هۆکاری باوەڕپێکراو وەستاون یان بەپێچەوانەوە هیچ بەڵگەو پاڵپشتێك بوونی نییە.

(سوکرات) هۆکاری سەرنجدانی خۆی لەفەلسەفەی بەم جۆرە دەربڕیوە: ژیان بەبێ تێڕامان و بیرکردنەوەو ژیان نییە و بەهایەکی نییە. ئەو بۆی دەرکەوت کە هەموو خەڵکی دەوروبەری ژیانی خۆیان لە پێناوەبەستی جۆراوجۆری وەکو چێژو سامان بە کاردەهێنن، بە بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن کە ئایا ئەم کاروبارانە گرنگن و شایەنی ئەوەن پشتیان پێ ببەسترێت یان فەرامۆش بکرێن. لەبەرئەوەی پرسیارێکی لەم جۆرە لە خۆیان ناکەن و بەدوای وەڵامەکەشیدا ناڕۆن، ناتوانن بزانن کەئایا بەڕاستی کار دەکەن یاخود کاروکردارییان هەڵەی تێدایەو سەراسەری ژیانیان بەدوای شتومەکی بێسوود و زیانبەخش دەگوزەرێنن. هەر لەبەرئەمەش فەیلەسوفان بەشێوەکی گشتی لەسەر ئەوەبوون کە

خوێندنەوە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەو شیکردنەوەی تیۆرەکان و بیروباوەڕو هزرەکان و بەڵگەکانیان گرنگ و بەهادارن.

**تایبەتمەندییەکانی فەیلەسوف:**

لە بنەڕەتدا فەیلەسوف بە کەسێك دەوترێ کەچەند تایبەتمەندییەکی هەیە، هەندێك لەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە:

١- فەیلەسوف کەسێکە باوەڕی بەبەهای عەقڵ هەیە و لە زانستدا و کرداری خۆیدا کار بە حوکمەکانی دەکات، لەم زەمینەیەدا بە پێچەوانەی کەسێکەوەیە کە لەزانست و کرداری خۆیدا باوەڕی بە ئیلهام و خورافاتە.

٢- فەیلەسوف کەسێکە کە دەربارەی هۆکاری بنەڕەتی دیاردە وڕووداوەکان لێکۆڵینەوە دەکات.

٣- فەیلەسوف بەدوای مانای جیهان و چییەتی جیهانەوەیە. کاری بەو لایەنەی زانست نییە کە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی شتەکان دەکات، بەڵکو کاری لەگەڵ بوونی شتەکاندایە و دەیەوێت یاساکانی بوون بزانێت.

٤- فەیلەسوف لە شتە بەش"جزء" یەکان وورد نابێتەوە، بەڵکو هەموو کاروبارەکان لە تەنها شتێکدا دەبینێت، واتە هەموو دیدگاو بۆچوونەکان سەبارەت بە ژیان و جیهان لە گشتێکدا دادەنێت و ڕێکیان دەخات و پاشان لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێت.

٥- فەیلەسوف هیچ شتێك بە بێ بەڵگە و"استدلال" وەرناگرێت، بەڵکو پێش هەموو شتێك ئەو شتەی کە سەرنجی لێدەدات لێکۆڵینەوەی

لەسەردەکات و تێڕامانی تێدا دەکات، تاکو توخمێکی نافەلسەفی نەچێتە نێو دەزگای فەلسەفیەوە.

٦- فەیلەسوف سورە لەسەر ڕۆشنکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی دەربارەی جیهان و مرۆڤ و ئەو بەها مرۆییانەی کە خاوەنیانین، ئەو بێجگە لەوەی بەتەواوی خاوەنی کۆمەڵە بیروبڕوایەك بێت هەست دەکات کە دەبێت ئەم بیروباوەڕو بۆچوونانە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی وردەوەو لە ڕێسایەکی بیر و هزریدا ڕێکیان دەخات کە پەیوەندی لۆژیکی تێدا بێت.

٧- فەیلەسوف هەمیشە بەدوای دەرککردنی ڕاستیەکانەوەیە و جگە لە حەقیقەت بە شتانی دیکەوە پەیوەست نییە.

**سەرچاوە:**

١- فلسفەو منطق، ص ٤٤ .

٢- کتاب فلسفە، ص ٤,

٣- فرهنگ فلسفی.

٤- سیر فلسفە، ص٣.

**لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

# فەلسەفە، هونەر، ئەدەبیات

**کۆتایی فەلسەفە، کۆتایی ژیری مرۆییە. هەموو ئامانجەکانی تری ژیان بەدوای ئەوەدا دێن.**

باسەکەی من سێ بەشە، یەکەم، بریتیە لەوەی لەسەر بنەمای چ پێناسەیەکی فەلسەفە، فەیلەسوفان رێگە بە خۆیان دەدەن لە بەشە پسپۆرییەکانی تردا بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و زۆرجاریش ئەوە روودەدات، هەڵە بکەن. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم هەڵەیەدا، ئەوە قبوڵ کراوە فەلسەفە خاوەنی ئەم مافەیە بچێتە ناو بەشەکانی ترەوە؟ لە بەشی دووەمدا باس لە چییەتی فەلسەفەی هونەر دەکەم و بینا لەسەر ئەو باسەی لە بەشی یەکەمدایە، باسی ئەوە دەکەم چۆن ئەهلی فەلسەفە لە زەمینەی بابەتە بنەڕەتیەکانی هونەردا و ئەوەی هونەر لە بەشەکانی تر جیا دەکاتەوە، بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن؟ لە بەشی سێیەمدا باس لە ئەدەبیات دەکەم بە ناونیشانی هونەری کە هاوخوانییەکی دێرینی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە و واپێدەچێت فەلسەفە لە رێگەی چوونە ناو ئەم

هونەرەوەیە پلە بە پلە ئەم توانایەی پەیدا کردوە و لە بەشە هونەرییەکانی تریشدا بۆچوونی خۆی دەربڕێت.

هەمیشە باس لەوە ناکرێ بۆچی ئەهلی فەلەسەفە ئەم دەسەلاتە بە خۆیان دەدەن تاکو رادەیەك لە هەموو بەش و لقەکانی تێگەیشتنی مرۆیی و بەشە جۆراوجۆرەکان لە زانستە مرۆییەکانەوە تاکو هونەر یان هەر بەش و لقێکی دیکە بۆچوونی خۆیان دەربڕن؟ بە گوتەی (لیوتار) وا پێدەچێت فەلسەفە گوتارێك یان گوتارێکی ئیمپریالیستی و داگیرکەر، دەستوەردەر و پڕ بانگەشەکەرە کە دەیەوێت بنەماکانی بەشەکانی تر روون بکاتەوە. دیارە هەمیشەش لەگەڵ کۆمەڵێك دژدا رووبەڕوو دەبێتەوە.

بینا لەسەر ئەو دەرکە یۆنانییەی هەیە، فیلوسوفیا واتە عیشق بە زانین و گوایا کۆمەڵە مرۆڤێك هەن لە نێوانیاندا ناوەکانی وەکو (ئەفلاتۆن)، (ئەرستۆ) و ...هتد هەن و عیشقیان بۆ زانست هەیە و لە مرۆڤەکانی تری دونیا جیاوازن، ئیدی لە بەشەکانی تری زانست بن یان مرۆڤی ئاسایی. بینا لەسەر بۆچوونی (ئەرستۆ) هەڵبەتە فەیلەسوفان لە مرۆڤەکانی تر جیاواز نین. ئەو لە دێڕی یەکەمی کتێبی "میتافیزیك"دا دەنووسێت، هەموو مرۆڤەکان بە سروشت خوازیاری داناین. ئەو پاشان جەخت لەوە دەکاتەوە یەکەمین هەستێك مرۆڤ بۆ دانایی هەیەتی، بیناییە.

ئەگەر مرۆڤەکان بینا لەسەر سروشتیان خوازیاری دانایین، بۆچی ئەهلی فەلسەفە خۆیان لەوانی تر جیا کردۆتەوە و وێنایان ئەوەیە تەنها ئەوان ئەم دڵوابەستەبوونەیان هەیە؟ چونکە هیچ سیفەتێکیان بۆ ئەم دڵوابەستەبوونەیان زیاد نەکردوە. من بیر دەکەمەوە ئەو کارەی فەلسەفە لە سەدە نوێکاندا بە تایبەت لە سەردەمی (کانت) و (هیگڵ) بە دواوە ئەنجامیداوە، بریتیە لە جیاکردنەوەی فەلسەفە لە بەشەکانی تری دانایی مرۆڤ و پەیدابوونی ئەو فەلسەفانەی ناوی فەلسەفەی "موزاف"یان لێناون، وەکو فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی سیاسەت و فەلسەفەی هونەر کارێکی نوێیە.

بە گومانی من باشترین پێناسەیەك کە ئەم دیاردانە (هونەر، ئەخلاق، سیاسەت و ...هتد) بە فەلسەفەوە پەیوەست دەکات و لەبارەی دەستوەردانی فەلەسەفە لە بەشەکانی تر روون دەکاتەوە، (ئیمانۆئیل کانت)ە لە کتێبی "لۆژیك" خستویەتیەڕوو. شاکارێك کە زۆر بەناوبانگ نییە، بەڵام زۆر گرنگە، چونکە هەموو گوتەزا بەناوبانگەکانی (کانت) وەکو پۆلبەندی سێ لێکدانی چواری لە خۆ گرتوە. (کانت) لە بەشی سێیەمی پیشەکی ئەم کتێبەدا دەنووسێت: (فەلسەفە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هەموو زانستەکانە و هەروەها دەتوانێت لە نێوان هەموو شێوەکانی بەکارهێنانی ژیری پەیوەندی دروست بکات. کۆتایی فەلسەفە، کۆتایی ژیری مرۆییە. هەموو ئامانجەکانی تری ژیان بەدوای ئەوەدا دێن. فەلسەفەی دانایی لە بەکارهێنانی ژیری لە لایەنی زۆرینەی مومکینییەتی.

فەلسەفەی سیستەمی سیاسی، سیستەمی جۆرەکانی دانایییە ژێرییەکانە کە هەر یەکێکیان بە یارمەتی چەمکەکان بەدەست دێت.)

(کانت) بەم دەستەواژە و دەربڕینە لەمەڕ فەلسەفە دەستوەردانی ئەهلی فەلسەفە لە بەشەکانی تردا دیاری دەکات و بانگەشەی گەورە دەخاتە ڕوو کە فەلسەفە دەتوانێت بنەماگەلێك دیاری بکات یان بە لایەنی کەمەوە لەبارەیانەوە باس و بابەت بکاتەوە. فەلسەفە ڕووەو نزمترین ئاستی مومکین پەردە لادەبات و لە قوڵاییدا و لە کەناری ڕەگەکان، بنەماکانی دیکەی دانایی پێناسە دەکات. بە ئاسانی دەتوانرێ ئەوە پیشان بدرێت تاکو ڕادەیەك لە هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی داناییدا ڕووبەڕووی پێناسە فەلسەفیەکان دەبینەوە. پێناسەی سەرەکی میتافیزیك کە فەلسەفە بە گەڕانی ژێرانەی چییەتی واقیعیەت دەزانێت، ئەم مۆڵەتە بە فەلسەفە دەدات کە لەبارەی بەشەکانی ترەوە قسە و باس بکات. بینا لەسەر ئەم پێناسەیە فەلسەفە لەبارەی هونەریشدا ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی هونەر دەیانورووژێنێت، ڕوون دەکاتەوە.

فەیلەسوفێکی ئاسایی بە ڕوونی ئاگاداری کارە هونەرییەکانی هونەر نییە. هونەرەکان هێندە جۆراوجۆرن نەك تەنها لە هیچ فەیلەسوفێکەوە، بەڵکو تەنانەت لە هیچ هونەرمەندێکیشەوە ناتوانرێت ئەو چاوەڕوانییە هەبێت لەبەشە هونەرییەکانی تر کە پسپۆڕی ئەو نین، بۆچوونی هونەری دەرببڕێت، بەڵام فەیلەسوف خەریکی ئەوە دەبێت کە کاری هونەری چییە؟ ئەدەبیاتی دەقێکی ئەدەبی لە کوێدایە؟ تیۆریای ئەدەبی چ

تایبەتمەندییەکی هەیە. تیۆریا هونەرییەکان چ تایبەتمەندی و سیفەتێکیان هەیە؟ کتومت لێرەدایە بینا لەسەر پێناسەی "کانت"، فەلسەفە بە ناونیشانی ئەڵقەی پەیوەندی هەموو زانستەکان و حەوزە کردارییە مرۆییەکان کار دەکات. هەر لەبەرئەمەش فەلسەفەی هونەر دروست دەبێت. فەلسەفەی هونەر لە سێ سەدەی رابردوودا کۆمەڵێك کاری گرنگی ئەنجامداوە و بە دەگمەن هونەرمەندان بێ نیاز بوون لە فەلسەفە لە زەمینەی ئەو تیۆریایانەی پەیوەندییان بە کاری خۆیانەوە هەیە. وا بیر دەکەمەوە توانیبێتم ئەوە روون بکەمەوە بۆچی ئەهلی فەلسەفە دەستێوەردان لە بنەما و پایە و بونیادەکانی کاری هونەری دەکەن.

بەڵام فەلسەفەی هونەر، واتە بیرکردنەوە لەبارەی هونەر یان باسکردن لەبارەی بنەماکانی هونەر، پێشینەیەکی دووردورێژی هەیە. بە لایەنی کەمەوە لە حەوزەی ئەندێشەی یۆنانیدا بەمجۆرەیە. دەتوانێ بوترێ لە (بیت النهرین، میسر، چین و هیند)یش بەمجۆرە بووە. بەڵام بە بە شێوەیەکی گشتی و بەو جۆری کە هاتووە ئەم باسە لە یۆنانەوە دەست پێدەکات، واتە لە (ئەفلاتۆن)ەوە کە لە زەمینەی هونەردا روانینی فەلسەفی هەبووە و هەندێجاریش روانینەکەی لە بۆچوون و روانینی ئێمەدا بە هیچ روویەك جێگەی سەرنج نییە، وەکو دژایەتی لەگەڵ شیعر و هونەر لە کتێبی "کۆمار"دا. بەڵام ئەمە تەنها شتێك نەبوو

(ئەفلاتۆن) نووسی. ئەو لە گفتوگۆکانی تریدا باسی پێناسەی جوانی کردوە، یان لەبارەی جۆرەکانی هونەرکانەوە وەکو شیعر، باسی درەوشاوەی ئەنجامداوە. پاش ئەو کتێبە کتێبی هونەری شیعر "پوئیتیک"ی (ئەرستۆ)مان هەیە کە پاش چەندین سەدە ئاشکرا بوو و هەروەها یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانە لە زەمینەی تیۆریای ئەدەبی. ئەم نزیکیەی باسی فەلسەفی لەگەڵ کارە هونەرییەکاندا سەراپای سەدەکانی ناوەڕاستی گرتەوە و تەنها تایبەت بە قۆناغی ڕێنیسانسەوە نەبوو. بەڵام لە ڕێنیسانس بەدواوە ئەم باسە وردتر خرایەڕوو. لە قۆناغە نوێکانی تردا (کانت)، لە سێیەمین رەخنەیدا واتە، (رەخنەی هێزی بڕیار) "نقد قوه حکم" و پاشان (هیگڵ) باسی فەلسەفی نوێتری لەبارەی هونەرەوە ئەنجامدا. ئەمە تا رادەیەك هاوکات بوو لەگەڵ پەیدابوونی زاراوەی ئیستاتیکا (Aesthetics)یە کە لە فارسیدا بە هەڵە بە "جوانیناسی" وەرگێڕدراوە، (لە کوردیشدا هەمان زاراوە، واتە، جوانینیاسی و هەندێجار هەر ووشەی ئیستاتیکا، بەکاردێت)، بەڵام مەبەستی دانەری سەرەکی ئەو زاراوەیە "بومگارتن" دانایی بوو کە پەیوەستە بە هەستی مرۆڤ و لەو ڕێگەیەوە هەندێجار رەنگە ڕێگە بە هونەر دەدات. بەشێك لە کتێبەکەی (بومگارتن) لەم بارەوەیە و مەبەستی لە هەست، هەستی غەریزی نییە، بەڵکو باس لە هەست و سۆزە مرۆییەکان دەکات و نموونە گەلی هونەریش دەهێنێتەوە. بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵ (بومگارتن)، قوتابی قوتابی (لایب نیتس)، واتە

لەگەڵ باسێکدا ئاشنا دەبین کە پێش ئەو لای خودی (لایب وۆلف)، لەگەڵ باسێکدا ئاشنا دەبین کە پێش ئەو لای خودی (لایب نیتس، سپینۆزا و دیکارت) نەبووە. واتە ئەم باسەی کە چۆنییەتی دەتوانین بنەمای زانستی بەهێز لەسەر تێگەیشتنی هەستەکان، سۆزەکان و هەڵچوونەکان و گرنگتر لە هەموو خەیاڵی مرۆڤ دروست بکەین. (کانت) یش لە پێداچوونەوەی یەکەمیدا (هەڵسەنگاندنی عەقڵی پەتی) (سنجش خرد ناب) باسی خەیاڵی کردوە. لە پێداچوونەوەی دووەمدا هەڵبەتە باسی خەیاڵی نەکردبوو و وەلای نابوو، چونکە بە ئیحتیمالی زۆر باوەڕی وا بوو دەبێت لە کتێبێکی دیکەدا (ڕەنگە ڕەخنەی سێیەم) باسی بکات.

بەم شێوەیە ئێمە بە زانستێك گەیشتین بەناوی "ستاتیکا" کە هێشتاش لەبارەی باس و خواس بوونی هەیە کە ئایا ئیستاتیکا هەمان فەلسەفەی هونەرە؟ فەیلەسوفێکی گەورەی وەکو (هیگڵ) باوەڕی وایە کە بەمجۆرە نییە. ئەو لە پێشەکی باسەکانی ئیستاتیکادا دەڵێت، فەلسەفەی هونەر فراوانترە. تێگەیشتنی ئەو لە فەلسەفەی هونەر هەمان باسی فەلسەفیی لە ڕەگ و ریشەکانی هونەر و پرسیارگەلی بنەڕەتی وەکو، چییەتی جوانی، بەرهەمی هونەری، مێژوویی‌بوونی بەرهەمی هونەری و...هتد. (هیگڵ) باوەڕی وابوو ئیستاتیکا پەیوەندی بە دوو شتەوە هەیە: یەکەم هونەر و هونەرەکانی هونەر و و دووەم مێژووی هونەر. ئەو باوەڕی وابوو لە ڕێگەی تێگەیشتنی شێوازەکانەوە دەتوانین دیدگای مێژوویی بۆ تێگەیشتنی هونەر قایل بین. (هیگڵ) ئەم جیاوازییە

گرنگەی دروستکرد، بەڵام زۆر لەبارەیەوە قسە و باسی نەکرد. ئەگەر بۆ پێشەکی باسەکانی جوانیناسی بگەڕێینەوە، دەبینن ئەم هەڵوەشاندنەوە و جیاکارییە بەو روونییەی کە وتم باس نەکراوە و نەخراوەتە ڕوو، بەڵاک جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئەم دوانە لە یەکتر جیا بکاتەوە. بەڵام بە هەرحاڵ کاتێك سەدەی نۆزدەهەم دەست پێدەکات، باسی فەلسەفی لەبارەی هونەرەوە درێژە دەکێشێت و هەندێك لە پەیڕەوانی (هیگڵ) و پاشان ئەو فەیلەسوفانەی لە فەرەنسا و بەریتانیادا هەن، لەبارەی هونەرەوە قسە دەکەن. وەکو کتێبی (بندتو کروچە) لەبارەی جوانیناسیەوە کە دەنووسرێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە هونەرمەندانیش بوونە فەیلەسوف. واتە بە پێدابوونی رۆمانتیزمی ئەڵمانی شایەدی ئەوەین هونەرمەندایش وەکو شاعیران و وێنەکێشان بۆچوونی فەلسەفی دەخەنەڕوو. (شلگل، نوالیس، هۆڵدرین) ئەو هونەرمەندانەی لەم قۆناغەدان، بە زۆری فەیلەسوف بوون. بە ئاسانی دەتوانرێ پارچەکانی (نوالیس) بە ناونیشانی بەرهەمی فەلسەفی ناوبەرین و بە تەواوی ئەو سەرنجەی بۆ دروستبوو تاکو چ رادەیەك ئەم بەرهەمە بە تایبەتی لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا کاریگەری دروستکردوە.

ورده ورده ئەم داستانە بە ناونیشانی هاوپەیوەندی ئەهلی هونەر (بە زۆری ئەدەبیات) و فەلسەفە تاکو سەدەی بیستەم درێژەی هەبووە. بە لایەنی کەمەوە لە بەشی قارەیی کە من باشتر دەیناسم، ئەم پەیوەندیە

ئینکاری تێدا ناکرێت. دەتوانین بڵێین لە "نیچە" بەدواوە لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەی قارەییدا فەیلەسوفێکی گەورەمان نییە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە زەمینەی هونەردا باس و لێکۆڵینەوەی ئەنجام نەدابێت یان تەنانەت کاری هونەری ئەنجام نەدابێت. کەسانێکی وەکو (کامۆ، سارتەر) لە کەناری فەیلەسوف بووندا، هونەرمەند و نووسەر، شانۆنامەنووس، نامەنووس، رۆژنامەنووسیش هەن. تەنانەت هەندێجار جیاکردنەوەی ئەم پسپۆڕییانە لە یەکتر مومکین نییە. (گۆشەنشیانی ئاڵتونا) یان (دەستە پیسەکان)، هەردووکیان بەرهەمی (سارتەر)ن ناتوانین تەنها بە ناونیشانی شانۆنامە ناوزەدییان بکەین و بێگومان دەقی فەلسەفیشن. "تاعون" و بە تایبەت "کەوتن"ی (ئەلبێر کامۆ)ش بەرهەمی فەلسەفین.

ئەم جیانەبوونەی فەلسەفە و هونەر من دەگەیێنێتە بەشی سێیەمی باسەکە. کاتێك بینیمان چۆن فەلسەفە لە کەناری هونەردا دەستوەردان دەکات و ئەهلی هونەریش کاتیك ویستیان لەبارەی کارەکانی خۆیانەوە قسە بکەن، ناچار بوون پایەی فەلسەفەی هونەر یان ئیستاتیکا دابمەزرێنن، باسی سێیەم دەخرێتەڕوو، ئەویش بریتیە لەوەی ئەم دەستوەردانە لە کوێوە هات؟ کام هونەر بنەڕەتی بوو کە فەلسەفە پێی خستەسەر و چوە ناو هونەرەوە. ئەو هونەرە، ئەدەبیات بوو. ئەدەبیات بە مانای ئەمڕۆیی و ئێستاییەکەی واتە ئەو مانایەی لە سەدەی هەژدەیەمەوە خرایەڕوو. واتە بەمانای هەموو ئەوبەشانەی بۆ نووسین

دەگەڕێنەوە و تەنانەت هەندێجار نانووسرێن، وەکو ئەو فیلمەی لەسەر بنەمای فیلمنامەیەك نووسراوە، دروست ناکرێت و تەنها جوولەکانی شێوەگەلی ریوایەتێك روون دەکاتەوە.

جارێکی تریش دەگەڕێینەوە بۆ دونیای پڕ شکۆی یۆنانییەکان، جارێکی تر دەگەڕێینەوە و دەبینین کە ئەمانیش ئەم وابەستەبوونی هونەر و فەلسەفەیان ناسیوە و کەشفیان کرد بوو. لە گوتاری "ئایون"ی (ئەفلاتۆن) باس لەمە دەکات کە بۆچی لە نێوان فەلسەفە و شیعردا نزیکی بوونی هەیە و ئەم وابەستەبوونە تاکو کوێیە؟ کاتێك ئەم نامەیە دەخوێنینەوە بە غەمەوە بیردەکەینەوە لەبارەی بەشی دەیەمی "کۆمار" کە شاعیران لە شاری یۆتۆپی دەکاتە دەرەوە. خودی وتار و نامەکانی (ئەفلاتۆن) بەرهەمی ئەدەبین و زۆر لە شانۆ مۆدێرنەکانەوە نزیکن. بۆ نموونە: گفتوگۆی "میوانی" یان "کۆمار" بەمجۆرەن و بەشێکن لە گەورەترین بەرهەمە ئەدەبیەکان لە جیهاندا. لە بەرهەمە گەورە ئەدەبیەکانی تریشدا شایەدی ئەم وابەستەبوونەین. لە راستیدا ئەگەر بمانەوێت "کۆمیدی ئیلاهی" "دانتە" هەڵبگرن و بیانگوازنەوە، لە کوێ دایاندەنێین؟ بەشی ئایینی، فەلسەفی یان ئەدەبیات یان شیعر؟ دەتوانرێ لە چوار بەشدا دابنرێت کە هەر بەشێکیان بە بێ ئەم بە دڵنیاییەوە ناتەواو دەبێت. ئەم پەیوەندییە لە کوێدایە؟ چ شتێك ئەم دووانەی لە یەکتری نزیك کردۆتەوە؟ ئایا لە یەکەمین هەنگاودا فەیلەسوفە گەورەکان ئەدیب بوون و لە هەنگاوی دواتردا لەبارەی

ئەدەبیاتەوە بیریان کردۆتەوە؟ زمان خاڵی بنەڕەتیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. فەلسەفە بە بێ زمان بوونی نەدەبوو. بە بێ زمان ناتوانرێ بیر بکرێتەوە، چ بگا بەوەی بتوانرێ بیری فەلسەفی بکرێتەوە و دەربېرێت و بۆ کەسانی ئایندە بە میرات بهێڵرێتەوە، هەر ئەم زمانە دەستپێکی تیۆریای جۆراوجۆر بووە. لە نێوان هونەرەکاندا ئەدەبیاتە بە زمان دروست دەکرێت. شیعر، رۆمان، چیرۆك و جۆرەکانی ژانرە ئەدەبیەکان بە ماددەی خاوی زمان دروست دەکرێن. تەنانەت وا پێدەچێت فیلمنامە و شانۆش بە بێ سەرنجدان لە لایەنی ئەدەبی بێتوانا دەمێننەوە. لە ئەنجامدا وا پێدەچێت باسکردن لە دەستوەردانی فەلسەفە لە هونەردا دەبێت لە ئەدەبیاتەوە دەست پێ بکات.

تێبینی: ئەم بابەتە لە نووسینی (د. بابەك ئەحمەدی)یە.

**سەرچاوە: ئەنتەرنێت، بەرواری بڵاوبوونەوەی لە (٣٠ ابان ١٣٩٢) ئەویش لە رۆژنامەی "اعتماد"ەوە وەریگرتوە.**

# سێ فەیلەسوفە مەزنەکە

## (١)

## سوکـــــرات

**(٤٦٩-٤٠٠) پێش زایین**

*** مرۆڤی کردە بابەتی فەلسەفە.**

*** جەختی لەوە کردەوە مەعریفەت، ئامانجی ژیانی مرۆییە.**

*** باڵاترین بەهای کردە، بابەتی باوەڕەکانی.**

(سوکرات) کاهینی گەورەی فەیلەسوفانە، هـەمووان بـە "سەرچاوەی دانایی زۆر"ی دەزانن هەمیشە لە بارەیەوە وەکو هالەیـەك لـە راز و هێما قسـە دەکـەن، چـونکە هـیچ کـات ئـەرکی نووسـینی ئایـدیا بەناوبانگـە فەلسەفی و میتافیزیکیەکانی نەگرتە ئەستۆی خۆی. لە جیاتی ئەمـە بـۆ کۆڵان و شەقامەکانی دەبـردن. نـاوی وێنـای پیـاوێکی ئـازا، میهرەبـان و

لەرادەبەدەر بیرتیژ بە زەیندا دەهێنێت کە لەگەڵ هاوشاریانی (ئەسینا)ییدا لە ئاگۆرا "بازاڕ"دا گفتوگۆی دەکرد.

هەرچی لەبارەی (سوکرات)ەوە دەزانین لە ڕێگەی بەرهەمەکانی بەناوبانگترین شاگردی، (ئەفلاتۆن) بە دەستمان گەیشتووە کە ئامۆژەکانی بە وەفاداری بۆ کەسانی ئایندە و نەک تەنها بۆ فێرخوازانی پۆلە سەرەتاییەکانی فەلسەفە، تۆمار کرد.

(سوکرات) لە (ئەسینا) هاتۆتە دونیاوە. باوکی پەیکەرتاشێکی سەرناس و بەرێز بوو. ئەمە بوویە هۆی ئەوەی کە لە باشترین فێرکارییەکانی (ئەسینا) بەهرەمەند بێت، واتە هەرچی زانستێك هەبوو دەربارەی ژمێریاری، ئەندازیاری، شیعری کلاسیکی یۆنان و ئەستێرەناسی فێر ببێت. (سوکرات) بە ناونیشانی (هوپلیت) (سەربازی پیادەی هێزی بەرگری)یش خزمەتی کردوە. دۆستان و هاووڵاتیانی (ئەسینایی) بە هەرحاڵ ئەو شتەی بە بەهای گیانی کۆتایی پێ هات، نەك ئازایەتی لە خەباتدا، بەڵکو بیروباوەڕ و فێرکارییەکانی بوو.

(سوکرات) لەگەڵ هەر کەسێکدا کە گوێی بۆ قسەکانی دەگرت، قسەی دەکرد. کاری بەسەر ساڵ و تەمەن، یان پلەوپایەی کۆمەڵایەتی گوێگرەکەیەوە نەبوو. دوژمنانی ڕێگە و شێوازی فێربوونی ئەویان بە "تەنها وروژاند و هەژاندنی بەرانبەر" ناو دەبرد. بە هەرحاڵ مێژوو ئەم گفتوگۆ "پرسیاردروستکەر"انەی بە ناکۆتا تۆمار نەکردوە و باس

نەکردوە، بەڵکو زیاتر ئەمانەی لە شێوەی پرس و گەڕانی فەلسەفی بەناوی "شێوازی سوکرات" دەزانێت.

خودی (سوکرات) شێواز و ڕێگەکەی ناونا (تلنخوس)ە کە وەرگێڕانە ووشەییەکەی دەبێتە "دووبارە دۆزینەوە". خۆی هیچکات شوێنگە و پلەیەکی دیاری نەدەکرد، لە ئەنجامدا بە سووربوون، بیروباوەڕ و بانگەشەی ئەوانیتری دەخستە ژێر پرسیارەوە. لەم دووبارە دۆزینەوەیەدا دژیەکی بەڵگەکانی ئاشکرا دەکردن و بەم شێوەیە نادروستی شوێن و پێگەیان دەسەلما. تەنها پێگەی (سوکرات) ئەمە بوو کە تەنها لە نەزانی خۆی دڵنیا بوو.

(سوکرات) کە بە (ژیری ئاگۆرا) بەناوبانگ بوو، بە ئەرك و وەزیفەی ئایینی خۆی دەزانی کە خەڵکانی (ئەسینا) لە بیروباوەڕی هەڵە و بێ چەند و بۆچیان ڕزگار بکات، چ پێیان خۆش بێت یان نا. کاتێك "خائر فۆن" لەگەڵ پێشبینی کەری گەورەی (ئەسینا)، پێشبینی کەری پەرستگای (دۆلفی)، لەبارەی (سوکرات)ەوە ڕاوێژی کرد و پرسیاری کرد ئایا لەو ژیرتر هەیە یان نا؟ پێشبینی کەری وەڵامی دایەوە. نەخێر. (سوکرات) کاتێك ئەم قسەیەی بیست، هاندرا بەوەی شێوەی فەلسەفی خۆی لەگەڵ بوونی دژەکانیشیدا، درێژە پێبدات و هەر بەو جۆرەی دەیبینین، ئەمە بڕیارێکی مەرگبار بوو.

لەساڵی(٤٠٠)ی پێش زاییندا، (سوکرات) بە گومڕاکردنی لاوانی (ئەسینا) تاوانبار کرا. تاوانێکی تری ئەو نزا نەکردن بوو لەبەردەم

خوداياندا. (سوكرات) بە گوناهبار ناسراو و حوكم درا. وا ديار بوو سزاى باسوخواسى فەلسەفى لە (ئەسينا)دا هاوڕاى مەرگ بوو. بواريان پێدا تاكو لە مەرگ رابكات. (سوكرات) ئازايانە وازى لەوە هێناو خۆى نەدزيەوە. بە گوتەى (ئەفلاتۆن)، (سوكرات) بڕياريدا لە (ئەسينا)دا بمرێت، تاكو لە دەرەوەى (ئەسينا)دا بژى.

(سوكرات) لەبەرخاترى وەڵامەكانى نييە لە يادەوەريماندا بە زيندوو ماوەتەوە، بەڵكو لەبەرخاترى پرسيارەكانييەتى، (سوكرات) لەو وەڵامانەى لە حەوزەى مەزهەب، ئەستێرەناسى و ماتماتيكدا دەدرانەوە، خۆشحاڵ نەبوو و هاووڵاتيانى (ئەسينا)يى لەوە ئاگادار دەكردەوە تاكو خوداكانيان، بەهاكانيان و خۆيان بخەنە ژێر پرسيارەوە. عەدالەت چييە؟ جوانى چييە؟ خێر چييە؟ ئەمانە ئەو پرسيار گەلەن كە (سوكرات) بە خستەڕوويان هانمان دەدات، ئەو پرسيار گەلەى كە ئەمڕۆش وەكو ئەو كات و سەردەمانە، جێگەى ئەوەن بخرێنەڕوو و ئەو پێگەيان هەيە. بە هۆى بوونى (سوكرات)ەوە، لێكۆڵينەوەكانى ئەمڕۆ خەريكى كەڵكەڵە، بەهاكان و خەونەكانى مرۆڤ دەبن. ئەو ئامرازێكى نوێى بۆ گەڕان بۆ حەقيقەت خستەبەردەممانەوە و بەمجۆرە فەلسەفەى بە هونەرێكى راستەقينە گۆڕى. ئافەرين بۆ ئەو پياوەى كە بانگەشەى ئەوەى دەكرد هەرگيز شتێك نازانێت.

## حیکمەتەکانی (سوکرات):

* من ژیرترینی خەڵکانم، چونکە شتێك دەزانم و ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێك نازانم.

* لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا پەلە مەکە، بەڵام کاتێك بوویتە دۆست، جێگیر و پایەدار بە.

* تەنها کۆتایی نەزانی، یان کۆتایی هۆشمەندی دەتوانێت لە بەرامبەر گۆڕاندا بەرگری بکات.

* کورترین و دڵنیاترین ڕێگە، بۆ ژیانێکی ڕێزدارانە لەم جیهانەدا بریتییە لەوەی لە راستیدا هەر بەو جۆرە بین کە بەرچاو دەکەوین. بە راهێنان و ئەزموونی چاکەکاری، چاکیەکانی مرۆڤ، زۆر و بەهێز دەبن.

* زانستی حەقیقی ئەوەیە هەمووان بزانین کە نەزانین.

* ژیان بە بێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە گەڕان، بەهایەکی نییە.

* فەزیلەت لە سامانەوە نایەت، بەڵکو فەزیلەت و هەر شتێکی تری باش کە مرۆڤەکان هەیانە، لە فەزیلەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

* بیر لەوانە مەکەرەوە وەفایان بۆ تۆ هەیە و سوپاسی هەموو کردار و قسەکانت دەکەن، بیر لەوانە بکەرەوە بە خۆشەویستیەوە سەرزەنشتی عەیب و ناتەواویەکانت دەکەن.

* بێکارەکان تەنها ئەوانە نین، کارێك ئەنجام نادەن، بەڵکو ئەوانەش کە دەبێت بە کارێکی تری باشترەوە خەریك بن، بەڵام خەریك نین، بێکارن.

* ژیانی مرۆڤ، وەکو دڵۆپێکی شەونمە لەسەر گەڵایەک.
* بهێڵە ئەو کەسەی دەیەوێت دونیا بجولێنێت، سەرەتا خۆی بجولێت.
* ناتوانم شتێك فێری ئەوانیتر بکەم، تەنها دەتوانم وایان لێبکەم کە بیر بکەنەوە.
* بە هەر جۆرێك هەیە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەگەر هاوسەرێکی چاکتان هەبێت، خۆشبەخت دەبن و ئەگەر هاوسەرێکی خراپیشتان هەبێت، دەبنە فەیلەسوف... ئەمەش بۆ هەر پیاوێك شتێکی چاکە.
* هیچ شتێك لە عەدالەت لە پێشتر نییە.
* جوانی، ستەمکارییەکی تەمەن کورتە.
* بەو جۆرە بە کە دەتەوێ دەربکەوێ.
* دەوڵەمەندترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بە کەمترین رازی بێت، چونکە قەناعەت و رازیبوون سامانی سروشتە.
* بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە، بیر لە خۆت بکەرەوە.
* بە بۆچوون نەبوونی ئارەزوو، سیفەتێکی شەیتانییە.
* تەنها شتێك چاك بوونی هەیە و ئەویش مەعریفەتە و تەنها شتێکی خراپ دەدۆزرێتەوە و ئەویش نەزانینە.
* من (ئەسینا)یی یان (یۆنانی) نیم، من هاووڵاتی جیهانم.
* کارێك ئەنجام نادەم جگە لەوەی کە هەمووتان بە پیر و لاوەوە بترسێنم و ئاگادار بکەمەوە، نەك بەوەی بیرتان لای خۆتان یان ماڵ و سامانتانەوە بێت، بەڵکو بەو کارە گرنگەی کە ئەویش بریتیە لەوەی

چاودێری چاکسازی ڕۆحتان بن، پێتان دەڵێم، چاکە لە سامانەوە بەدەست نایەت، بەڵکو سامان و تەواوی چاکەکانی مرۆڤ، چ چاکە گشتیەکان و چ چاکە تایبەتیەکان، لە خێر و چاکەوە بەدەست دێن و بەرهەم دێن. ئەمە فێرکاری منە و ئەگەر ئەم فێرکارییە خراپ و گومڕاکەری نەوەی نوێیە، کەواتە من مرۆڤێکی پیسم.

سەرچاوە:

کتاب کوچك فلسفه، گریگوری برگمن، ترجمەی کیوان قبادیان، کتاب امه، چاپ دهم، ١٣٩٠، ص١٩–٢٣.

## ( ٢ )

# ئەفلاتۆن

# بنەما و پایەکانی فەلسەفەکەی

لە نێوان بۆچوون و بیروڕاکانی (ئەفلاتۆن) سێ بابەت بوونیان هەیە کە بنەما و پایە و تایبەتمەندی بنەڕەتی فەلسەفەکەی پێکدەهێنن، ئەوانیش:

١- تیۆریای نموونە "ئایدیاڵ"، "مُثل": بە پێی ئەم تیۆریایە ئەوەی لەم جیهانەدا دەبینرێت، بنەڕەت و حەقیقەتەی لە جیهانی دیکەدا بوونی هەیە و تاکەکانی ئەم جیهانە وەکو سێبەر و وێنەکانی ئەو ئەو جیهانە دەبن. بۆ نموونە هەموو مرۆڤانەی لەم جیهانەدا دەژین، خاوەنی بنەڕەت و بنەماو حەقیقەتێکن لە جیهانەکەی تردا و مرۆڤی رەسەن و بنەڕەتی و حەقیقی، مرۆڤی ئەو جیهانەیە و ئەمەش لە بارەی شتەکانیشەوە راستە.

(ئەفلاتۆن) ئەم حەقیقەتانە ناو دەنێت "ئایدیا"، لە فەلسەفی ئیسلامیدا"ووشەی "ئایدیا" بە "مثال" راڤە و وەرگێڕدراوە و کۆی ئەم حەقیقەتانەش بە ناوی "نموونەی ئەفلاتۆنی" ناو دەبرێت.

(ئەفلاتۆن) هەروەك فەیلەسوفەکانی پێش (سوکرات) باوەڕی وابوو کە تەواوی سروشت لە حاڵەتی گۆڕان و جووڵەدایە. هەموو شتەکان لە مادده دروستبوون و بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە دژوار دەبن. بەڵام شت گەلێکیش هەن کە نەمر و جاویدانن و ناگۆڕدرێن، ئەمانە چەند قالبێکن لە وێنەی هەبووەکاندا. بۆ نموونە هەموو مرۆڤەکان بەدی دێن و دەمرن، بەڵام شتێك هەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی هاوبەش هەیانە و دەبێتە هۆی ئەوەی ناوی مرۆڤیان لێ بنێین. ئەو شتەش، نموونە، قالب یان هەمان وێنەی نەمر و نەگۆڕە.

بە روونکردنەوەیەکی تر، (ئەفلاتۆن) بەم ئەنجامە گەیشت کە لە پشت جیهانی ماددیەوە، دەبێت حەقیقەتێکی شاراوە هەبێت، (ئەفلاتۆن) ئەم حەقیقەتەی بە ناوی هۆکاری نموونەکان "هۆکاری ئەم وێنانە"ی ناو برد. وێنەگەلی نەمر و نەگۆڕی بوونەوەرانی سروشت، لەم جیهانەدا بوونیان هەیە، شتە راستەقینەکان و واقیعیەتەکانی جیهان کە نەمر و گۆڕان قبوڵ ناکەن، هەمان وێنەکانن و ئەوەی ئێمە بە هەستەکانمان دەرکی دەکەین" واتە دیاردە سروشتیەکان و هەستپێکراوەکان"، جگە لە سێبەری ئەم حەقیقەت و شتە واقیعیانە شتێکی دیکە نین. هەموو کاروبارەکانی جیهان چ ماددی وەکو ئاژەڵەکان، بێگیان و رووەکەکان و چ شتە ناماددییەکانی وەکو ئازایەتی و دلێری، عەدالەت و فەزیلەتە ئەخلاقیەکانی تر، وێنە و حەقیقەتگەلێکیان هەیە کە نموونەی تەواوی ئەم شتانە بوون و لە جیهانی نموونە"مثال"دان. لە بۆچوونی

(ئەفلاتۆن)دا ئێمە ناتوانین ناسینی حەقیقیمان دەست بکەوێت لەمەڕ شتێک کە لە حاڵەتی گۆڕان و پەیوەستبووە بە سات و حاڵەتی گۆڕان.

جیهانی سروشت پەیوەستە بە حاڵەتی گۆڕان و لە حاڵەتی گۆڕاندایە و ناسینی حەقیقی ناتوانێت پێوەی ببەسترێتەوە. لە بارەی جیهانی دیار و دەرەکیەوە، واتە جیهانی هەستپێکراوەکان، تەنها دەتوانرێت قسە لەبارەی رووداو و گومانەوە بکرێت. ناسینی حەقیقی تەنها پەیوەستە بە وێنەکان یان نموونەکانی جیهان، لەبەرئەوە ناسینی حەقیقی، ناسینێکە کەعەقڵ بەدەستیەوە دەدات و عەقڵیش تەنها سەرووکاری لەگەڵ کاروبارە نەمرەکان و نەگۆڕەکانی جیهان، واتە نموونەکان "مثال"دا هەیە. لە جیهانی هەستپێکراوەکان کە ناسینی ئێمە لێی لە رێگەی بەکارهێنانی هەستەوەیە، لەبەرئەوە ناتەواوە. هەموو شتێک لە حاڵەتی گۆڕاندایە و هیچ شتێک جێگیر و هەمیشەیی نییە. لە حەقیقەتدا لەم جیهانەدا هیچ شتێکی بوون و وجودی نییە، بەڵکو ئەم جیهانە نموونەکان و شتەکانە. شتەکا دێن و دەڕۆن و هیچ شتێک پایەدار نییە و واقیعیەتی نییە.

٢- بۆچوونێکی دیکەی گرنگی (ئەفلاتۆن) لەبارەی رۆحی مرۆڤەوەیە. ئەو باوەڕی وایە کە رۆح پێش ئەوەی بێتە ناو جەستەوە یان پەیوەست بێت بە جەستەوە، لە جیهانی سەرووتر و بالاترکە هەمان جیهانی

نموونـەکان"مثـل"ە دروسـتکراو و بـوونی هـەبووە و پـاش دروسـتبوونی جەستە، رۆح پێـوەی پەیوەسـت دەبێت و تیایدا نیشـەجێ دەبێت. بـە گوتەی ئەو مرۆڤیش بوونەوەرێکی دوو لایەنە. ئێمە جەستەیەکمان هەیە کە پەیوەستە بە جیهانی شتە هەستپێکراوەکان و گۆڕانی بەسەردا دێت، بـەڵام رۆحێکی نـەمر و لەناونەچووشمان هەیـە کـە لەبەرئـەوەی مـاددی نییـە، دەتوانێـت بچێتە نـاو جیهـانی نموونـە "مثـال "ەوە. (ئـەفلاتۆن) باوەڕی وابوو کە رۆح پێش ئەوەی لـە جەسـتەد دەربکـەوێت لـە جیهـانی نموونەدا بـوونی هـەبووە و نموونـە، واتـە حەقیقەتـەکانی دەرك کـردووە، بەڵام هەر کە هاتۆتە دونیاوە و لە جەستەی مرۆڤدا دەردەکەوێت، هەموو نموونـەکان لــە بــیر دەباتــەوە، هەربۆیــەش یاداوەرییــەکی لێڵــی ئــەو حەقیقەتانـەی لـە یـادە بـە جۆرێك کاتێـك لـە جیهـانی سروشـتدا لەگـەڵ بوونـەوەرە جیاوازەکـان، شـێوەکان و وێنـەکانیان رووبـەڕوو دەبێتـەوە، دەکەوێتـە بـیری جیهـانی نموونـە و وێنـەکانی و هـەر ئەمـەش وا دەکـات حەسرەتی گەڕانەوە بۆ جیهانی بنەڕەتی لە رۆحیدا. بەو مانایـەی زانسـت و ناسینی حەقیقی مرۆڤ شتێك نییە جگە لە بیرهێنانەوە و یادهێنانـەوەی وێنە نەمرەکان و حەقیقەتە بنەڕەتیەکانی جیهان. ئەفلاتۆن) دەڵێت کـە

لە هەمانکاتدا مرۆڤەکان نایانەوێت ڕۆحی خۆیان ئازاد بکەن تاکو بۆ جیهانی نموونەکان بگەڕێتەوە.

٣- بۆچوون و تیۆریای سێیەمی (ئەفلاتۆن) کە لەسەر دوو تیۆریا و بۆچوونی پێشوو بونیاد نراوە و وەکو ئەنجامگیریەکی دوو بۆچوونەکەی پێشووە، ئەوەیە کە جیهان بە مانای بیرهێنانەوە و بیرخستنەوەیە، نەک بیرهێنانەوەی راستەقینە و واقیعی، واتە هەر شتێك کە ئێمە لەم جیهانەدا فێری دەبین، شتێك دەزانین کە پێشتر نەمان زانیوە و لەمەڕ ئەو شتە نەزان بووین و بۆ یەکەمین جار فێربووین، بەلأم ئەمە لە حەقیقەتدا یاداوەری ئەو شتانەیە کە پێشتر دەمانزانین. لەبەرئەوە وتمان کە رۆح پێش ئەوەی بە جەستەوە پەیوەست بێت، لە جیهانێکی سەرووتر و بالأتردا بوونی هەبووە و لەو جیهانەدا "مُثل" ی بینیوە و لەبەرئەوەحەقیقەتی هەر شتێك نموونە"مثال"ی ئەو شتەیە و رۆحەکانیش پێشتر نموونە"مثال"ەکانیان دەرککردووە، کەواتە پێش ئەوەی بێنە ناو جیهانی دونیاوە و پێوەی پەیوەست بن، بە حەقیقەتەکان زانا بوون و حەقیقەتەکانیان زانیوە، بەلأم پاش پەیوەستبوون بە جەستەوە ئەو شتانەیان لەبیرنەماوە و لەیادیان چوون.

جەستە بۆ رۆح وەکو پەردەیەك وایە، کە رێگری دانەوەی رووناکی و تیشکی نوور و بەرپەرچدانەوەی وێنەیە لە ئاوێنەدا. بە هۆی

دیالیکتیک، واتە باس و گفتوگۆ و موناقەشە و ڕێگە و شێوازی عەقڵی، یان بە هۆی عیشق (لە ژێر کاریگەری تێکۆشان و ڕاهێنانی نەست و دەروون و سیر و سلوکی مەعنەوی، بە پێی هەڵگۆزینی نموونەی (شێخی ئیشراق)، پەردە لەناو دەچێت و نوور و ڕووناکی دەدرەوشێتەوە وێنە دەردەکەوێت.

فەلسەفەی (ئەفلاتۆن) فەلسەفەیەکی ڕێك و پێك وکونجاوە کە لە ئەخلاق، هونەر، سیاسەت و بوارەکانی دیکەی فەلسەفە بە شێوەیەکی فراوان قووڵ دەبێتەوە. بۆچوونەکانی تاکو ئەمڕۆ کاریگەری سەرسوڕهێنەریان لەسەر فەلسەفە و فەرهەنگی مرۆیی بە جێهێشتووە.

**سەرچاوە: ضیافت، یاسخن در خصوص عشق، ت: محمد علی فروغی، ویراستار، شهلا صالحی، انتشارات مرز فکر، تهران، چاپ اول، ١٣٩٠. ص ١٣-١٦**

( ٣ )

# ئەرستۆ

## (٣٨٤- ٣٢٢ پ. ز)

ئەگەر کەسێك بە دەنگی بەرز هاواری بکردایە: (بێزەحمەت فەیلەسوفی قەڵەوی یۆنانی کۆن هەستێتە سەر پێ)، بێگومان (ئەرستۆ) هەڵدەستایەوە. بابەتەکە تەنها ئەوە نییە کە (ئەرستۆ) روخساری دیاری ئەندێشەی رۆژئاوایە! بەڵکو ئەو لەماوەی چەند هەزارەیەك ناسێنەری بیرکردنەوەی رۆژئاوا بوو. شارستانییەتی رۆژئاوایی بە لایەنی کەمەوە تاکو سەدەی (١٧)، (ئەرستۆیی) بوو.

(ئەرستۆ) (١٤) چواردە ساڵ پاش مەرگی (سوکرات) لە (ئەستاگیروس)، یەکێك لەو شوێنانەی (یۆنان) داگیری کردوە هاتۆتە دونیاوە. باوکی پزیشکی دەرباری پاشای (مەکدۆنیا) بووە. ئەگەرچی (ئەرستۆ) هێشتا منداڵ بوو باوکی مرد، بەڵام ئەو پەیوەندی ژیانی و ماوە درێژی خۆی لەگەڵ (مەکدۆنییە) نەپچڕاند. لە (١٧) ساڵیدا

(ئەرستۆ)یان نارد بۆ (ئەسینا) بۆ خوێندن. لەوێ بەشی پێویست فێربوو. گرنگتر لە هەمووی، (ئەفلاتۆن) مامۆستای بوو. لەوێ لە فێرگەی بەناوبانگی (ئەفلاتۆن)، ئەکادیمیا، (ئەرستۆ) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ گوێی بۆ وانەکانی (ئەفلاتۆن) گرت. چەندین ساڵ دواتر، خودی (ئەرستۆ) لە ئەکادیمیادا دەستیکرد بە وانە وتنەوە و زۆرجار هونەری مانا و دەربڕینی دەوتەوە.

(ئەفلاتۆن) تەنها مرۆڤێکی سەرناسی پەروەردەکەری (ئەرستۆ) نەبوو. (ئەرستۆ) بەهۆی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەرباری (مەکدۆنیا)، بوویە بەخێوکەری شازادەی (١٣) ساڵە. ئەم شازادەیەش هەمان "ئەسکەندەری گەورە" بوو. پاش مەرگی (ئەفلاتۆن)، هەرچەندە (ئەرستۆ) شایەنی بوو، بەلاَم جێگرەوەیی و جێنشینی (ئەفلاتۆن)ی لە سەرۆکایەتی ئەکادیمیای هەڵنەگرت. دامێنی جیاوازی ئەو لەگەڵ (ئەفلاتۆن)دا زۆر فراوان بوو بوو.

بە مەرگی لەناکاوی (ئەسکەندەر) و پاشان کەوتنی حکومەتی لایەنگری "مەقدۆنییە" لە ساڵی (٣٢٣)ی پێش زایین، (ئەرستۆ) کەسانی حکومەتداری ئەو کاتە بە کافر تاوانبارییان کردبوو، لێیان دوور کەوتەوە و رایکرد. (ئەرستۆ) بە ئامارەدان بە مەرگی (سوکرات) بە هاووڵاتیانی (ئەسینایی) ووت: (ئەسینا) بەجێ بهێڵن تاکو (جارێکی تر بەرامبەر فەلسەفە تووشی گوناه نەبن)، ساڵێك دواتر لە (خالکیس) کۆچی دوایی کرد.

**یەکەمین ئایدیای گەورەی (ئەرستۆ):**

**مادده و وێنە**

بە بۆچوونی (ئەرستۆ) مادده و وێنە شت گەلی واقیعی و راستەقینەن، بۆ نموونە: "مانگای نموونەیی" بە تەنها وەکو وێنەیەکی "مانگا" کە لە لای (ئەفلاتۆن) هەیە نازانێت، ئەم مادده تایبەتە دەبێت بە "توانای بالقوە" بزانین لە کاتێکدا دەبێت وێنە بە "توانا بالفعل" بزانین. لەبەرئەوە ئەگەرچی وێنەی کرداری "مانگابوون" لە بیرکردنەوە لە خودی ئەم مانگا تایبەتیە جیایە، بەڵام لە بوونناسی "واقیعیەت"دا جیا نییە. بە روونکردنەوەیەکی تر، وێنەی "مانگابوون" لە دونیاکەی تر یان هەمان "دونیای وێنەکان" بوونی نییە، بەڵکو لەناو خودی خۆیدا "مانگای نموونەیی"یە.

**دووەمین ئایدیای گەورەی (ئەرستۆ):**

**چوار هۆکار**

(ئەرستۆ) ئەو کاتەی کە سروشتی دەخوێند، پەیوەست بوو بە "هۆکار"ی شتە زیندووەکان. ئەو لێکۆڵینەوەی لە "چوار هۆکار" کرد لە جیهانی سروشتدا. ئەم چوار هۆکارەش بریتین لە: ماددی، کرداری، وێنەیی و مەبەستداری. لە مۆدێلی مانگایەکی منداڵانەدا، هۆکار دەتوانێت پارچە بێت، هۆکاری وێنەیی دەتوانێت شێوە گشتییەکەی بێت، هۆکاری

کرداری کارکردە کە دروستی کردوە و هۆکاری مەبەستداری ئەو منداڵەی لادێیە کە یاری لەگەڵدا دەکات.

بەڵام (ئەرستۆ) باوەڕی وایە ئەم پرۆسەیە لە راستی و واقیعدا و لە بەدیهاتنی مانگایەکی وەکو مانگای نموونەیی ئێمەشدا کاریگەری هەیە. هۆکاری ماددی ئەو ماددەیە کە مانگای نموونەیی لێ دروستکراوە، هۆکاری وێنەیی، نموونەی بۆماوەیی ئەو مانگایەیە، هۆکاری کرداری یان بکەری ئەو پرۆسە ووردەیە کە پەیوەستە بە دۆخی ژینگەناسی و هۆکاری مەبەستداری گەیشتنییەتی بە گەشەی تەواوکاری "تکامل" و دروستبوونی. لەم روەوە ئامانجی بیچوو یان گوێرەکەکانی مانگاکە، تەواوکاری و گەورەبوونە. ئەو سیستەمەی کە لە سروشتدا رێنمونی شتەکان دەدات، (ئەرستۆ)ی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە (سروشت لەسەر بنەمای رێکەوت کار ناکات.) سروشت بۆ مەبەست یان بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کار ناکات. ئەگەر ماددە لەسەر بنەمای بانگەشەی (ئەرستۆ)، دیاری نەکراوە، دەبێت شتێك ببێتە هۆی ئەوەی کە ماددە بە شێوەی تایبەت دروست ببێت. ئەم حەقیقەتە کە ئەمکارە بە سیستەم روودەدات و شایەنی پێشبینییە، بەو مانایەیە کە گەشەی هەموو بوونەوەرانی زیندوو، وەکو مرۆڤ، لەگەڵ ئامانجی خودی یان بەرەو ئامانجی مەبەستدار بە ئەنجام دەگات. ئەمە هەمان "مەبەستداری ئەرستۆیی"یە.

ئایدیای ئامانجداربوون لەبارەی مرۆڤیشەوە راستە. مەبەستی هەموو حەز و مەیلە مرۆییەکان گەیشتنە بە خۆشبەختی ئامانجدارییە. بە

بۆچوونی کەسێك کە دەلاڵە دەبێتە بۆرس، تاکو پارە بەرهەم بهێنێت، لە کۆتاییدا پارە بە خۆشبەختی دەگەیێنێت. ئەگەر پارە ئەمکارە نەکات، کەواتە بەکەڵکی چی دێت؟ بەڵام بینا لەسەر قسەی (ئەرستۆ)، تەنها چاکە (کرداری چاکە لەسەر بنەمای عەقڵ)ە کە مرۆڤەکان بە خۆشبەختی حەقیقی ڕێنوێنی دەکات. گەیشتن بە خۆشبەختی لە ڕێگەی ژیریەوە، بالاترین چاکەیە.

## سێیەمین ئایدیای گەورەی (ئەرستۆ):

## پێوانە (قیاس)، (لۆژیك)

(ئەرستۆ) بە داهێنانی پێوانی لۆژیکی، ئامرازێك دەخاتە بەردەممان، تاکو عەقڵمان بەکاربهێنین و حەقیقەت کەشف بکەین و بدۆزینەوە. بۆ نموونە: پێوانەکردن دەکرێت بەمجۆرە بێت:

- هەموو مرۆڤەکان لەناوچوون.
- (سوکرات) مرۆڤە.
- کەواتە، (سوکرات) لەناوچوو و فانییە.

دەرك و دۆزینەوەی (ئەرستۆ) لە هۆکارە کار دروستکەرەکان لە سروشتدا تاکو هەزاران ساڵ لە ڕۆژئاوادا بە بێ بەرامبەر مایەوە. لەسەرووی ئەوەشەوە (ئەرستۆ) بە پشت بەستن بە لۆژیکی زانستی و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی سروشتی خۆی، بنەمای ئەم دوو بەشە پڕ ڕەونەق و جوانەی داڕشت. لە ڕاستیدا ئەو سوڵتانی ئایدیا گەورەکان بوو،

هەر بەو جۆرەی وتەکانی جێگەی رەزامەندی هەمووان و رەخنەگرانی ئەدەبی و لێکۆڵەرەوانن تاکو ئەمڕۆش لەم بارەوە باس دەکەن. (ئەرستۆ) روخسارێکی پەراوێز نییە لە مێژووی ئایدیاکاندا و خودی فەلسەفەی ئەو لە تێگەیشتنی فیکری رۆژئاوادا یارمەتی ئێمە دەدات. بەڵام ئێوە حەسودی پێ نەبن، مامۆستاکانی ئێوە پەنجەی بچووکی مامۆستاکانی ئەویش نین!

* * *

## حیکمەتەکانی (ئەرستۆ)

- ئەفلاتۆن بۆ من خۆشەویستە، بەڵام حەقیقەت بۆ من لە ئەو خۆشەویسترە.

- مرۆڤ لە خودی خۆیدا، ئاژەڵێکی سیاسیە.

- باشترین توێشوو بۆ سەفەرکردن بەرەو پیری، فێربوونە.

- خۆشبەختی پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە هەیە.

- سامانی کۆمەڵگە لە دەوری عەدالەت دێتەدی.

- نیشانەی زەینی بلیمەت ئەوەیە کە بتوانێت لە ئەندێشە رابمێنێت و هەڵی بسەنگێنێت، بە بێ ئەوەی قبوڵی بکات.

- چێژ وەرگرتن لە کار، بەرەو تەواوکاری دەگەیێنێت.

- هەژاری، شوێنگەی شۆرش و تاوانە.

- تەنها دەوڵەتی جێگیر ئەو دەوڵەتەیە کە تیایدا هەموو مرۆڤەکان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن.

- ئەوانەی دۆستی راستەقینەت نین، لە کاتی بەدبەختی تۆدا ریسوا دەبن.

- ئومێد، خەونە لە بێداریدا.

- هەموو مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا حەزیان لە زانینە.

- ئەوە بوونی هەیە کە بە رێگەی جۆراوجۆر و جیاواز شکست بخۆین، بەڵام سەرکەوتن تەنها لە رێگەیەکەوە مومکینە.

- جەنگ دەکەین تاکو بتوانین لە ئاشتیدا بژین.

- لە هەموو شتەکانی سروشتدا شتی سەرسوڕهێنەر بوونی هەیە.

- سروشتی هەوای نەفس ئەوەیە کە هیچ کات رازی نابێت و چ مرۆڤ گەلێکی زۆر هەن کە تەنها بۆ بەدەستهێنانی هەوای نەفسیان دەژین.

- یاسا سیستەمە، یاسای چاکیش، سیستەمی چاکە.

- ئازادی، پێکهاتەی دەوڵەتی دیموکراتە.

- دەبێت ئەو کەسانە حکومەتداری بکەن کە توانای ئەوەیان هەیە بە باشترین شێوە ئەمکارە ئەنجام بدەن.

- شەڕ، مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

سەرچاوە:

کتاب کوچك فلسفه، گریگوری برگمن، ترجمەی کیوان قبادیان، کتاب امه، چاپ دهم، ١٣٩٠، ص٣١-٣٦.

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ:

## چاپکراوەکان:

### زنجیرەی فیکر:

١- شارناسی و شارسازی، تەحسین حەمەغەریب. ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٩.

٢-نەتەوەناسی...، ن. تەحسین حەمە غەریب، ئامادەکردن. ساڵی ٢٠١٠.

٣-ئەرستۆ، ن:پ.ستراتیرن، وەرگێڕان، ژیانی فیکری و فەلسەفی، ساڵی٢٠١٠.

٤-ئیسلامی کوردی و..تەحسین حەمەغەریب، ئا: موسعەب ئەدهەم، ٢٠١٣.

٥- فەلسەفە چییە؟ فەیلەسوف کێیە؟ کۆمەڵە نووسەر. ئا، وەرگێڕان.٢٠١٦.

### زنجیرەی ئەخلاق و مەعنەویەت

١-دیوی ئەخلاقی ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٧.

٢-عیشق گەورەتر لە عیشق! نوسین، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩.

٣-ئایا ئادەم نەیبینی؟ ن. جبران خەلیل جوبران. وەرگێڕان، ساڵی ٢٠١١.

٤-بۆچی ترس لە مەرگ؟ ن: مهاتما گاندی. وەرگێران، چاپی دووەم، ٢٠١٢.

٥-ئەخلاق و مەعنەویەت، کۆمەڵە نووسەر، موسعەب ، فاتیمە ئەدهەم، ٢٠١٣.

٦-ئەخلاق و فەزیلەت، ن. د.ئارەش نەراقی، وەرگێڕان، ٢٠١٣.

٧- موناجاتنامە، خواجە عەبدوڵڵای ئەنساری، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٣.

٨-عیشقنامە، لێکۆڵینەوە، نووسین. ٢٠١٦.

٩-ئایین و مەعنەویەت، موستەفا مەلەکیان، وەرگێڕان. ٢٠١٦

**زنجیرەی مەولاناناسی**

١- گوڵستانی مەولانا، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٦.

**زنجیرەی سروش:**

١- سوننەت و مۆدێرنە، د.سروش، د.حسێن نەصر، نووسین و وەرگێڕان،٢٠١١.

٢-چیەتی مەرگ؟ د.عبدالکریم سروش، ئامادەکردن‌و وەرگێران، ساڵی ٢٠١٤.

٣-عەقڵ و ئیمان.ن: د.عبدالکریم سروش. وەرگێران، چاپی سێیەم، ساڵی ٢٠١٦.

٤- عەقڵ و عیشق، ن. د.عبدالکریم سروش، وەرگێڕان، چ٢، ٢٠١٦.

٥- ئێمە لەکام جیهاندا دەژین؟ ن: د. عبدالکریم سروش. وەرگێران، چ٢، ٢٠١٦.

**زنجیرەی شەریعەتی:**

١- مرۆڤ، ن. د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان، چاپی چوارەم، ٢٠١٥.

٢- دەفتەرە خۆڵەمێشییەکان. د. عەلی شەریعەتی، وەرگێران، چاپی سێیەم، ٢٠١٥.

٣- نزا، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان، چاپی دووەم، ٢٠١٥.

٤-شەریعەتی، کێ بوو؟ چی گووت؟ ئامادەکردن و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

٥- نیشتنەوە، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان، ٢٠١٥.

**زنجیرەی وتە:**

١-سوکرات و ئەفلاتۆن، کۆمەڵە ووتە. چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١١.

٢-وتەکانی عیشق، کۆمەڵە نووسەر، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٣.

٣-ووتەکانی ژیان، ئامادەکردن و وەرگێڕان. چ ٢، ساڵی ٢٠١٣.

٤-وتەکانی (سوکرات، ئەفلاتون،ئەرستۆ)، (کوردی-ئینگلیزی)،ئا، وەرگێڕان، ٢٠١٤.

٥-گەوهەرەکانی ژیان، وتەی (کوردی - فارسی - ئینگلیزی)، ئا، وەرگێڕان، ٢٠١٥

## ئەو بەرهەمانەی لەبەردەستدان و ئامادەی چاپن:

١- فیکری ناسکی غەمناک، ن.د. سروش دەباغ، ئامادەکردن و وەرگێڕان.

٢- فەلسەفەی عەدالەت. ن: تەحسین حمەغریب، وەرگێران.

٣- گەورەتر لە ئایدۆلۆژیا، ن. د.عبدالکریم سروش، وەرگێڕان.

٤- راپۆرتێك بۆ خاکی یۆنان. ن: نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێران.

٥- ئایینەکانی چین و یابان. وەرگێڕان.

٦- فیکر و فەلسەفە، کۆمەڵێك وتاری فیکری و فەلسەفی.

٧- ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق، لێکۆڵینەوە.

٨- نەتەوەناسی، وتار و گفتوگۆ.

٩- هیچ کەس مەعشوقی تۆیە؟ داستانی عیرفانی، ئامادەکردن و وەرگێڕان.

١٠- نەوای نەی، لەبارەی هزر و ژیانی مەولانای رۆمییەوە، نووسین.

١١- ئەخلاقی دەسەڵات، ئەخلاقی عەدالەت، د. عبدالکریم سروش، وەرگێڕان.

١٢- ئەخلاق و عەدالەت، کۆمەڵە نووسەر. ئامادەکردن و وەرگێڕان.

بێجگە لە نوسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی چەندین بابەتی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەساڵی (١٩٩٧)ەوە تاکو ئێستا بەبەردەوامی لە زمانەکانی (فارسی و عەرەبی) لە گۆڤارەکانی "هەژان، چاوی هەژان، ئێراننناسی، ئەمریکاناسی، سەردەم، زانستی سەردەم، هەورامان،

هێشتا، پەیامی راستی، سۆسیۆلۆژیا، لڤین، رامان، کەوانە، شرام، کۆچ، نووسین، ئایندەسازی، پەنجەرە، روون، سەرچاوە، ئاوین" هەروەها رۆژنامەکانی "خەبات، یەکگرتوو، کوردستان راپۆرت، ئاوێنە، داهێنان، کوردستانی نوێ، ئاسۆ، کۆمەڵ، ئایندە، ئایندەسازی، ژیانەوە، خورماڵ، نسێ..."



# WHAT IS THE PHILOSOPHY?
# WHAT IS THE PHILOSOPHER?

PREPARATION AND TRANSLATION;
MOSAB.A.ALI

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ( 3000) دینار